# کاڵکردنەوەی دیموکراتیەت یان ڕێگاگرتن لەسوکایەتی کردن بە ئیسلام و پیرۆزیەکانی؟

**بۆ بەڕێزان یەکە یەکەی ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان؛**
**بۆ بەڕێزان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان؛**
**بۆ بەڕێزان سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛**
**بۆ بەڕێزان هەموو ئەوانەی حەز دەکەن ئەقل ڕێگا نیشاندەریان بێت بۆ گەیشتنە ڕاستیەکان؛**

**سەردار عبدالکەریم عبداللە**
Sardar24@hotmail.com

*(27ی 5ی 2008، مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان تایبەت بە PUKmedia ی ڕاگەیاند: دواى ئەوەی ژمارەیەک لەمامۆستایانی ئایینی و ژمارەیەک لەهاوولاتیانی کوردستان یاداشتێکیان پێشکەش بەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی تری پەیوەندیدار سەبارەت بەڕێگاگرتن بەسووکایەتی کردن بەئایینی ئیسلام و کرد، ئەویش لەلای خۆیەوە بڕیاریدا لیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێنرێت.)*

**لەم وتارەدا هەوڵدەدەین لەسەر بەرپرسێتی ئەسحابەکان و مێژوونووسان و پیاوانینی ئاینی تێگەیشتنمان بۆ سنووری سەروەری و پیرۆزیەکان بخەینەڕوو،سەبارەت بەم لێژنەیەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری پێکهێنانی بۆ بەدواچوونی ئەو یاداشتەی کەوا ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەرزیان کردۆتەوە. بۆ بەئاگاهێنانەوە و ڕێگەگرتن لەوەی کە ئەم لێژنەیە سنووری ئازادی ڕادەبڕێن نەبەزێنن و دواتریش نەبێنە هۆکارێ بۆ بەر تەسکردنەوەی پانتایی ئازادییە گشتیەکان لە نێو دەستووری کوردستاندا، کە ئەم هەنگاوە ئەگەر بە خراپی پیادەبکرێ، زەرەرێکی زۆر لە کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان دەدات چ جای ئەوەی هێشتا دەستووری هەرێمی کوردستانمان نیە، ئەم هەنگاوە زۆر مەترسیدارە ئەگەر کاریگەریەکەی ڕەنگدانەوەی خراپی لە ڕێگای دەستوورەوە بەسەر تاپۆکاری بۆ ئازادییە گستیەکانەوە هەبێ.**

## پێشەکی:

نمونە زۆرن لەسەر ئەوانەی بەتاوانی بەزاندنی سنووری شتە پیرۆزەکانی ئیسلام، تاوانبارکراون و سزادراون، بەڵام دۆسیەی تاوانەکانی لەمەڕ ئەو بابەتە، لەهەر قۆناغێکدا بەشێوەیەک بووە. ئەگەر بەراوردێکی خێرا لە نێوان ڕۆژگاری پێغەمبەر، خەلیفەکانی ڕاشدین، ئەسحەبەکان، تابعین و تابعی تابیعەکان بکەین، یان بەواتایەکی تر لەڕۆژگاری هاتنی وەحی (بەعسەتەوە) تا کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی، دەبینین سنووری ئازادیە گشتیەکان تاهاتووە بەرتەسکتر بۆتەوە، لەم ڕۆژگارەش بە دواوە سەردەمی بەکافرکردنی کۆمەڵگا، لە نێوخۆی ئیسلامدا دەستپێدەکات1، ئیتر شتە پیرۆز و بڤەکانی ئیسلامیش تادێ زۆرتردەبن، بەشێوەیەک لیستی موحەرەماتەکان ، زۆر لە حەلالەکان درێژتر بووە. خەریکە مرۆڤ لە ترسی سانسۆری موسڵمان - ئیسلام نەتوانێ لە پێستی خۆیدا بجولێتەوە.

ئایا هۆی چیە سنووری ئازادیەکانی تاک لە ڕوانگەی (موسڵمان- ئیسلام) تادێ تەسکتر دەبێتەوە؟ ئایە ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و خواستی تاک نیە؟ هۆی چیە تا داهێنانە زانستی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان باشتردەبن، کۆمەڵگای ئیسلامی زیاتر داخراوتر دەبێ؟ ئایە تا چەند هوشیاری عەقلانی کە هاوئاهەنگە لەگەڵ هوشیاری ڕەخنەگری، دەتوانێ ئاسانکاری بۆ بەشداریکردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگا بکات؟ یان چۆن دەتوانرێ وابکرێ تا تاک، بەهۆی چالاکیە فکریەکانیەوە بە کۆمەڵگاکەی نامۆ نەبێت؟ ئایە دەبێ پەیوەندی مرۆڤ بە ڕەسەنایەتی و ناسنامە چی بێ؟ ئایە ڕۆڵی مرۆڤ لەم جیهانە پڕ لە گۆڕانکاریەی، پڕاوپڕ بە ڕۆشەنبیری، ڕاگەیاندنەکانی گەرماوگەرمی جیهانی چیە؟2 ئایە لەم قۆناغەدا ڕۆڵی مێژوو چیە؟ دیالەکتیک و پەیوەندی لە نێوان ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو چۆن دەبێ؟

ئەگەر قورئان ئازادی بیروباوەڕ و ویژدانی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی دەستەبەرکردبێ وەک لەم ئایەتە هاتووە (وقال الحق من ربکم فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر ) الکهف:29،ئەی بۆچی ئیمڕۆ ئەم ئازادیە بۆ مسوڵمانان مسۆگەرناکرێ؟ ئەگەر (ومن لم یحکم بما أنزل اللە فأولئک هم الکافرون)المائدە:44 بێ، دەبێ بۆ کافرنەبوون و لانەدان لە ئیسلام، کام دەقی قورئان پێوەربێ؟ ئایە دەبێ موسڵمان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، گوێرایەڵی کام جۆرە چەمک یان دەق بن؟ ئەوانەی

ئازادی بیرو ڕا مسۆگەردەکەن یان ئەوانەی هەموو جۆرە ئیرادەیەک لە مرۆ دەستێنەوە و دەیکەن بە عەبدێکی(لا حولە ولا قوەت)؟

گریمان ئەگەر شورا یەکێک بێ لە بنەما سەرەکیەکانی سیستەمی حاکمیەت لە ئیسلام، لە هەردوو قۆناغی مەککە و مەدینەشدا تەئکیدی لەسەرکرابێتەوە، وەک لەم دوو دەقانە کە یەکیان مەککەییە و ئەوی تریان مەدینەییە ، (ولذین أستجابوا لربهم وأقاموا الصلاه و أمرهم شوری بینهم ومما رزقناهم ینفقون)الشوری38ی مەککی و (وشاورهم فی الأمر)آل عمران 159ی مەدینەیش. لەو دۆخەدا بێ گومان بنەمای سەرەکیەکانی ڕاوێژکردن (شورا) بریتی دەبێ لە مسۆگەرکردنی تەواوی ئازادی ڕادان و گەیاندنی بۆچوونەکان، کە (بنەماکانی پڕۆسەی دەنگدان) ن. شورا یان ڕاوێژکردن ڕاپرسین، خۆی لە خویدا پرۆسەیەکە، بەمانای دەستەبەرکردنی "هاوتایی و یەکسانی " لەنێوان لایەنە بەشداربوو و بەرپرسەکانی پرۆسەکە دەبینتەوە.

ئایا ئەگەر گەڕاینەوە بۆ ڕەفتار و گوفتاری سەلەفی سالح، لەم دۆخەدا دەبێ پێوەر بۆ( پیرۆزیەت) و چەمکی ڕێزگرتن لە بەها ( پیرۆزەکانی ئیسلام) چی بێت ؟

**شورا یان هاوتای و یەکسانی لە کەسایەتیدا:**

ئەگەر (ولاکراه فی الدین) یان (وأنا أو ایاکم لعلی هدی أو فی ضلال مبین) یان (وشاورهم فی الأمر) یان (قل أنا بشر مثلکم یوحی الي إنما الهکم الە واحد) الکهف 110 یان (لقد جاءکم رسول من أنفسکم) التوبە:128 ، بکەینە بنەمایەک بۆ پێناسەکردنی کاراکتەری کەسایەتی حاکم (پێغەمبەر - خەلیفە- ئیمام)، (بەلانی کەم لە نێو خۆی موسڵمانانندا) ، ئەوە سنورە پیرۆزەکانی نێوان پێغەمبەرێکی مەعسوم، ئەسحابەیەکی سەرڕاست و ئیسلامێکی ئاسایی لە ڕۆژگاری پێغەمبەر و ئەسحابەکاندا ئەوەندە بەرتەسک نەبووە. بەپێی ئەم دەقانەبێ، ئەوە هەندێ جاریش ئەو سنوورە زۆر کراوە بووە و هەندێ جار هەر بوونی نامینێ.

لەوانەیە بپرسێ چۆن؟ ئەگەر شورا بەمانای هاوتای مافەکان بێ، ئەوە هەمووومان بە پێغەمبەران و ئەسحابەکانیشەوە، دەگەڕێنەوە نێو چوارگۆشەیەک، کە هەمووومان (مرۆڤ) ین.

(لعلی هدی أو فی ضلال مبین) ، ئازادی باوەڕهێنان (قناعەت پێکردن) و ئیرادەی مرۆڤ لەم ئایەتانە بەئاشکرا بەرز دەنرخێنرێ، مرۆڤەکە سەرپشک دەکا لە نێوان ئیمان هێنان و نەهێنان، تاکەکە خۆی خاوەنی بڕیاردانە، ئەی لەنێوان ئەو دەقانە و باقی ئایەتە جەبریەکانی وەک (ولو أننا نزلنا الیهم الملائکه وکلمهم الموتی و حشرنا الیهم کل شیء قبلا ماکانوا لیؤمنوا الا یشاء الله ولکن أکثرهم یجهلون) الأنعام111، ئەم دەقە زۆر بەئاشکرا ڕۆلی پێغەمبەر لە موسڵمان کردنی تاکەکان پەڕاوێزدەکات و داننانێکی ڕاشکاوانەیە بە خۆدانەدەست چارەنووس لای مرۆڤەکان ؟3 ئایە لە نێوان ئەم جۆرە دەقانە و دەقەکانی تردا، دەبێ کامیان بە پەسندتر بزانین؟ ئایە ئەم دەقانە و دەقی تری لەو بابەتە نامانخەنە ناو کایەی بۆچوونە جەبری و قەدەریەکان، تەواوی ئیرادە و ئازادیەکانمان لێ پاوان ناکرێ و نابێ مجادلە لە فەرمایشی خوا بکەین؟

(کما أخرجک ربک من بیتیک بالحق و ان فریقاً من الموءمنین لکارهون یجادلونک فی الحق بعدما تبین کانما یساقون الی الموت وهم ینکرون) الأنفال:5-6 ، ئەم دوو دەقانەی سەرەوە، پرسیارێک دەوروژێنن، ئایە ڕۆلی عەقل لە گفتووگۆی واقیعی و زانستی دەبێ چۆن بێ؟ چیرۆکی دابەزینی ئەم دوو ئایەتە ئەو وانەیەمان دەداتێ، کە نە پێغەمبەر، نە ئەسحابەکان نەهاتوون دوور لە واقیع بیربکەنەوە، هەردوولا بە پێوەری ئەو حەقیقەتانەی لایان هەبووە کەوتوونەتە ( مجادەلە)، خوا بۆ بڕینەوە و حوکمدان لە نێوان پێغەمبەر و ئەسحابەکان بەم ئایەتانە حەقەکانی دیارکردووە، ئایە بۆ ئێمە مانان لەم قۆناغەدا سنووری کارکردنمان بەم ئایەتە دەبێ تا چەند بڕبکات؟ (أدع الی سبیل ربک بالحکمە و الموعظه الحسنه و جادلهم بالتی هی أحسن)النحل125، ئەم دەقانە ددان پێنانێکی ئیلاهیە بە گفتووگۆکردن، بەڵگەشە کەوا لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا، ئارەزووی (مجادەلە) هەیە. ئەم (مجادەلە) یە، هەتا بەرامبەر بە پێغەمبەری خواش ڕەوا بووە؟ ئەی بۆ خوا لە یەک کات ئەم حەقەمان پێدەدا و پێنادا ، یان سنووورداری دەکات؟ بۆ پتر ووردبوونەوە لە ڕاستیەکان، پێویستمان بە شایەدی ئەو ئەسحابانە هەیە کە زۆربەی ژیانی خۆیان لەگەڵ ڕەسوڵی خودا بردۆتەسەر، هەروەها بوونەتە سەرچاوەیەکی دروستی، باوەڕپێکراو، لە گێڕانەوە و تۆمارکردنی دەقەکانی قوڕئان، حەدیس، هەروەها لە کاتی ئیجتهاد،حوکمدان، جگەلە گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە. حوکم و کارپێکردن بە دەقەکانی قوڕئان، لە دوای مردنی پێغەمبەر، ڕۆڵی سەرەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەسحابەکان .

**گرنگی و کاریگەری ئەسحابەکان و ڕاویەکان بەسەر ئایندەی ئیسلام:**

وەک ئاشکرایە پێناسەی ئەسحابەش وەک باقی بوارەکانی تری ئیسلامی ،کۆمەڵێک مشتومڕی لەسەرە،بەڵام نزیکتر پێناسە ، کە لە ڕاستیەوە زۆر نزیک بێ و لای سەرجەم موسڵمانانیش پەسندبێت، بەلای ئێمەوە ئەوەیە: "هەرکەسێ چاوی بە پێغەمبەر کەوتبێ،ئیمانی پێهێنابێ و بە ئیسلامیش مردبێ، ئەو زاتە ئەسحابەیە."

ئەسحابەکان پۆلینی سەر دوانزە جۆر دەکرێن: ئەوانەی لە مەککە موسڵمان بوونە وەک: ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان.

ئەوانەی لە دار الندوە و دەستەیەکی شاری مەککەن، ئەوانەی لەگەڵ پێغەمبەر چوونەتە حەبەشە. ئەوانەی لە عەقەبە موبایەعەیان کردووە، یاوەرانی عەقەبەی دووەم ،کە زۆربەیان لە ئەنسارەکانن، ئەو موهاجیرانەی لە قەبا بە پێغەمبەر گەیشتوون، بەرلەوەی بچێتە ناو مەدینە و مزگەوت دروستبکات، دەستەی شەرکەرەکانی بەدر، مهاجیرەکانی لە نێوان شەڕی بەدر و حودەیبە کۆچیان بۆ مەدینە کردووە، دەستەی بەیعەت کردنەکەی ڕەزوان، مهاجیرەکانی نێوان شەڕی حودەیبیە و فەتحی مەککە، ئەوانەی ڕۆژی فەتحی مەککە موسڵمان بوونە، ئەو مناڵ و مێرمندالانەی پێغەمبەر لە ڕۆژی فەتحی مەککە و لە(حجة الوداع) چاوی پێکەوتوونە.4

دیارە ژمارەی ئەم دوانزە جۆر ئەسحابەیە، بێشک خۆی لەدەیان هەزار کەس دەدات،هەریەکە لەم مرۆڤانەش بەپێی دەقەکانی قورئان سەرڕاستتر و بەویژدانترین ئەو کەسانەن کە خوا خەلقی کردوون، کە لەم دەقە هاتووە: (کنتم خیره أمة أخرجت للناس) آل عمران 110 یان(وألک جعلناکم أمه وسطاً لتکونوا شهداء علی الناس ویکون الرسول علیکم شهیداً)البقره 143، ئەم دەقانە و چەند دەقێکی تر زۆر گشتگیر، سەرجەم ئەسحابەکان دەگرێتەوە، چونکە خوا ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئەم دەقانەوە بە پاک و سەرڕاست دایان دەنێ یان وەک لە حەدیسەکان باسیان کراوە (خیر الناس قرنی..ثم الذی یلونهم) یان(أصحابي کلهم عدول بمن أهتدیتم أهتدی).

وەک دیارە ڕاستگۆی و پاکی ئەم هەموو ئەسحابانە بەپێی دەقی قورئان و حەدیسەکان، زۆر بە توندی لای موسڵمانان پشتیوانی لێدەکرێ، ئەگەر هەر هەڵەیەکی (بچوک یان گەورە) دەرحەقیان بکرێ، ئەوە بە بەزاندنی هێلە سوور و پیرۆزەکانی ئیسلام دەزانرێ، وەک دەست درێژیەکیش بۆسەر گوتارەکانی خوا و پێغەمبەر سەیر دەکرێت. ئایە ئەم پیرۆزیە تاچەند لای خودی ئەسحابەکان ڕێزی لێگیراوە؟ ئایە دەکرێ بوونی چەند دەقێک بەسبێ، کەوا ئەسحابەکان بڕوانامەی پاکی بۆ هەتا هەتا وەرگرن؟ ئەگەر ئەم زاتانە هەڵەیان کردووە و سەرڕاست نەبوونە، بەڵگەکان چین؟

یەکێک لە کاریگەریەکانی حەدیس بەسەر ئیسلام لەوەوە دێ، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسەر بوارە جیاجیاکانی فیقە و عەقیدەوە هەیە، لەوێشەوە دادەبەزێتە ناو وردترین بوارەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵ، بۆیە هەر جیاوازیەک یان کەم و کورتیەک لە قسەکانی ئەسحابەکان، ڕاستەخۆ کاریگەری بەسەر ئەو بوارانەی ژیان دادەبێ.

زانستی ناسینەوەی حەدیس خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کەوا کۆمەڵێک گومان و پرسیار دەربارەی (السند، الأسناد، المتن، الخبر، المسند، المحدث، الأثر و المخرج) هەیە، ئامانجی سەرەکی ئەم زانستەش لە بواری ئسلامۆلۆژیدا، بریتیە لە گەیشتن بە حەدیسیە صەحیحەکان. کاتێ ئیمام مالک، بوخاری، ....هتد دێن زانستی حەدیس بۆ لێک جیاکردنەوەی ، حەدیسی هەڵبەستراو و دروست، وەک لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوە پەیرەو دەکەن، بێگومان ئەم زانستە پێمان دەڵێ: لێکۆڵینەوەی زانستی ئازادە و تا ئەو ڕادەیی هەتا شتە موقەدەسەکانیش مرۆڤ مافی هەیە لێکۆڵینەوە بکاتن، ئایا دەبێ مامۆستایانی ئاینی چی بەم کۆمەڵە ئیمام و خەڵکانە بڵێن کە نەک هەر درۆیان کردووە، بەڵکو بە درۆکانیان موقەدەساتەکانی ئیسلام و بینای خوا کە مرۆڤە توشی نەهامەتی کردووە، ئایا مامۆستایانەی کە ئیمڕۆ داوا لە بەرێز سەرۆکی هەرێم دەکەن سنورێک بۆ نە بەزاندنی موقەدەساتی ئیسلام دابنێ، ئایا ئەو بەرێزانە ئامادەن بەهەمان شێوەش داوا لەسەرۆکی هەرێم بکەن هاوکاریان بکات بۆ ئەوەی بکۆژانی ئەو ئەسحابەنەی کە لە فەرمایشی خوا دەرچوونە و خوێنی ئەسحابەیان حەلال کردووە، بەچاوی ڕێزەوە سەیریان نەکەین؟ ئایا ئەو بەرێزانە ئامادەن هەموو ئەو نووسەر و مێژونووسە ئیسلامیانەی کە لە تەفسیرات و نووسیەنکانیاندا بەدرێژایی چەندین سەدە بێ ڕێزیان بە ئیسلام و موقەدەساتەکانی کردووە ( من داوای سوتاندنی کتابەکانیان ناکەم، بەڵام تەنها داوای ئاشکراکردنی ناوەکانیان دەکەم) بۆ ئەوەی منێکی موسڵمان نەکەومە هەڵەوە ئەگەر ناوی ئەو زاتانە هات، بزانم و ئاگاداربم بەقسەیان نەکەم؟ ئەو بەرێزانە هەموو کەسایەتی و مێژووی ئیسلام بە دروست و تەندروست دەزانن، وادەکەن هەموو شتێک بکەنە بڤە و لێیەوە نزیک نەبینەوە؟ ئەوەی لە خەڵک داوادەکەن خۆیان چەندین ساڵە هیچیان تیادا نەهێشتۆتەوە لە دژایەتی کتابی خوا و موقەدەساتی ئیسلام و هەموویان لە دوو توێی کتابە پەڕ زەردەکانەوە بلاوکردۆتەوە. ئەو باباتانەی بۆ خۆیان لە دژایەتی شیعە - سونە، مەزهەب- مەزهەب ىلاویانکردۆتەوە، با 1 لەسەر 3 ی ئەوەش بە ئیمەمانان ڕەوا ببینن؟!

**دەقەکان لە دوای مردنی پێغەمبەر:**

لە دوای مردنی پێغەمبەر، ئیمامی ئەبوبەکر ڕازی نەبووە، بەوەی حەدیسەکانی پێغەمبەر بگێڕدرێنەوە، چ جای ئەوەی بنووسرێنەوە، (ألحافظ الذهبي) لە(تذکرة الحافظ) دا باس دەکات، کەوا ئیمامی ئەبوبوکر لە دوای مردنی پێغەمبەر خەڵکی کۆگکردۆتەوە، پێی وتوون: أنکم تحدثون عن رسول الله أحادیث تختلفون فیها و الناس بعدکم أشد أختلافاً،فلا تحدثوا عن رسول الله شيءاً، فمن سألکم فقولوا بیننا وبینکم کتاب الله فأستحیلوا حلاله و حرموا حرامه)،5 هەروەها دەگێڕنەوە لە ڕۆژگاری ئەبوبەکر و عومەر هیچ کاتێ کار بە حەدیسەکانی پێغەمبەر نەکراوە، جگە لەوەی کە دوو شاهێد شاهێدی نەدابێ، (الزبیر بن العوام) یش کە سەحابیەکی زۆر لەپێش بووە،پێغەمبەر بە حواری خۆی داناوە (ان لکل حواریاً وان حواري الزبیر بن العوام)،6 لێیان پرسیووە بۆچی وەک خەڵک باس لە حەدیسەکان ناکەی،دەڵێ:" إما أنا لم أفارق رسول الله ولکنی سمعته یقول:من کذب علي متعمداً فلیتبوا مقعداً من النار". 7

ئەگەر ئەسحابەکان ڕاستەوخۆ دوای کۆچی پێغەمبەر، لە بوختانکردن بەدەمی پێغەمبەرەوە ترسابن،ئایە دەبێ لە پاش پتر لە هەشتا ساڵ (لە ڕۆژگارێکی پڕ لە فیسق و فەسادی ئەمەوەیەکان)، کەتیایدا دەستکراوە بە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی حەدیسەکان ، چ جۆرە قسەیەک بە زاری پێغەمبەرەوە کرابێ؟

ئەگەر بزانین لەساڵی99ی کۆچی، بۆ جاری یەکەم (بن حزم) وەک یەکەمین کەس، بە فەرمانی (عومەری کوڕی عبدالعزیز) هەوڵیداوە حەدیسەکان، لە کتابێکدا تۆماربکا،پاشان زۆر کەسی تری وەک (سفیان بن عینیە) ئەم کارەیان کردووە.8 ئەمەش بەڵگەیە کەوا حەدیسەکان لە بەرەبەیانی ڕۆژگاری یەکەمی ئیسلامەوە تۆمار نەکراون، بەڵکو لە کاتێکدا بووە ، کە دەیان ئەسحابە یان بەهۆی تەمەن یان لە فتوحاتەکان یان لە شەڕەکانی ناوخۆیی ئیسلام کۆچیان کردووە.

لەسەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی شێوازی کۆکردنەوەی حەدیس چووە قۆناغێکی تر، لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی ئیمام (مالک بن ئەنەس) بۆ ماوەی چل ساڵ خەریکی کۆکردنەوەی حەدیس بووە، ئینجا تووانیوویەتی (1720) حەدیسی مەرفوع،(600) ی مورسەل،(222) ی مەوقوف و هەندێ قسەی تابیعین و فتواکانیان کۆ بکاتەوە،ناوی ناوە (موطاء مالک).ئەم کتابە لە لایەن سەرجەم زانایانی ئیسلام لە دوای قورئان بە ڕاسترین کتاب دادنرێ.9 دواتر (مسند الأمام الأحمد )دێ، کە لە سەدەی سێیەمی کۆچی حەدیسەکانی تیادا تۆمارکراوە، ئەو زاتە (30) هەزار حەدیسی لە نزیکەی(75) هەزار حەدیس هەلهێنجاوە. (صحیح البخاری) یش کە لای ئەهلی سونە و سەرجەم فقەهیەکان، بە ڕاسترین کتابی سونە و حەدیسە دەژمێردرێت، لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچی تۆمارکراوە.10 (صحیحی موسلم و سنن أبي داود و سنن أبن ماجە) ش لەو سێ کتابانەی ناومان هێناون کۆنترنینە. پاش ئەوانەش، دەیان کتابی تری تایبەت بە بواری لێکۆلینەوە لە سەر حەدیس نووسراون. تا ئەم ڕۆژگارە زانستی حەدیس بە حەفت قۆناغ تێپەڕیووە،زانستەکەشی دابەشی شەش بەش کراوە: زانستی ڕواتی حەدیس، زانستی ڕوایەی حەدیس،زانستی حەدیس لە میان پەسندکران و نەکران، زانستی مەتن، زانستی سەنەد، زانستی هاوبەش لە نێوان مەتن و سەنەد.11 ئایا بەرێز ماموستایانی ئاینی، بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەم مێژووە پیویستی بەوە نیە بخرێتە سەرسکەیخۆی،لە تەپوتۆزی جەنگ و ململانێکانی نێوان تایفە و مەزهەبکان داپتەکێنرێ؟ ئایا ئەم تۆزگرتنە و هەمیشە دەم کوتکردنەی خەڵک نیە ئیمرۆ کەسانی وەک ئوسامە و لایەنگرانی چەمکە فکریەکەی ئەو ئیسلامیان لاڕێ کردووە و هەزاران موسڵمانیان جەواشەکردووە؟ بەرێزان چیتر ڕێگا مەگرن لە هەڵدانەوەی ئەو مێژووە تۆزگرتووە، چیتر بە ناوی موقەدەساتەوە دەمی خەڵک مەگرن، ئەم ترسەتان وادەکاتن هەتا هەتایێ هەر بێڕێزی بە ئیسلام و موقەدەساتی بکرێ، لە ئازادیدا، لە تێگەیشتنی دروست لە ئیسلام خەڵک جورئەت ناکا بێ ڕێزی دەرحەق بەئیسلام بکات؟

**لەسەر بەرپرسیەتی ئەسحابەکان** :

وەک سەرجەم مێژوونووسەکان و ئەم کتابە پیرۆزانەی حەدیس، لەسەر زاری ئەسحابەکان دەگێڕنەوە، کەوا پێغەمبەر لەسەرەتای ژیانیدا، وەک مرۆڤێکی ئاسایی ژیانی گوزەراندوە،بەر لە هاتنی وەحی، شوانی، بازرگانی، هاتووچۆی شوێنە گشتیەکانی مەککە و ..هتد دەکرد، لەکاتی دابەزینی وەحیش (خۆشەویستی خوا) وەک مرۆڤێ ترس سەرتاپای گیانی خەڵتانی ئارەقە و لەرزکردبوو،لە ترسان پەنای بۆ خەدیجەی هاوسەری برد،دواتریش لەترسی مەرگ، وەک سەرجەم یاوەرەکانی چوو بۆ حەبەشە،کەچی خوا دەلێ: (أذا جاء أجلکم لایستأخروا ساعة ولا یستقدم ساعة). لەقۆناغێکی تردا لە ترسی پیلانی دار ئەلنەدوەی قوڕەیشیەکان، عەلی ئامۆزای لە شوێنی خۆی خەواند،بەنهێنی خۆی گەیاندە شاری یەسریب (مەدینە) ،12 کەچی خوا پێی ڕاگەیاندبوو کەوا (أن تنصروا اللە ینصرکم ویثبت أقدامکم) محمد7، یان(وعد اللە الذین آمنوا منکم وعملوا الصالحات لیستخلفنهم فی الأرض..) النور55. پێغەمبەری خوا، لەگەڵ ئەم هەموو وەعدانەی خوا، کەچی پێغەمبەری خوا وەک مرۆڤێکی ئاسایی، هەلسوکەوتی لەگەڵ سەرچاوەی ترس و هەڕەشیکانی کردووە، پاش10 ساڵ دەربەدەری و سەرهەڵگرتن، بە پشتیوانی هێزێکی زۆر، ئینجا توانی بگەڕێتەوە بۆ مەککە. ئەو وەک مرۆڤ ژیانی خۆی گوزەراندوە و لە چوارچێوەی مرۆڤیەتی خۆی دەرنەچووە.

ئەمانە لە لایەک هەر هەموویان کارەکتەری مرۆڤن، لەلایەکی تریشەوە بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئیرادەیی مرۆڤ و سووربوون بۆ گەیشتنە ئامانج. پێغەمبەی مەزنی ئیسلامیش هەر بەو پێوەرە مرۆییە کاری کردووە، وەک ئەم ئایەتەش (أن اللە لایغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم) الرعد،11 ئەم دەقە و ئەو هەڵسوکەوتەی پێغەمبەر، خۆیی لە خۆیدا ددانناێکە بە ئیرادەی مرۆڤ بۆ گۆڕانکاری، بوارێکی هەناسەدانی ئازادانەی تاکە کەسیشە بۆ دیارکردنی ئایندە و چارەنووس، بە خواستی خۆی (بەڵگەی بوونی چەمکی ئیختیارییە لە ئیسلامدا) ، بەڵام خوا لە ئایەتێکی تردا زۆر ئاشکراتر پشتیوانی لە(چەمکی جەبری و قەدەری لە ئیسلام) دەکات، ئایەتەکە ڕێگا نادا باری تەئویل و تەفسیرێکی قیاسی و ئیجتهادکردنی قورس بکرێ، تا لە دەقەکە بگەی، بەڵکو ڕاشکاوانە ڕۆلی پێغەمبەر و تەواوی مرۆڤەکان لە گۆڕین، کاریگەری وەعز و ڕێنمای، لە بە ئیسلام کردن و چاکسازی لە کۆمەڵگای ڕەشدەکاتەوە، بوون و نەبوونی پێغەمبەر، لەئاست ئیرادە و توانای ڕەهای خوا وەک یەکە لێدەکات، دەقە دەلێ: (انک لاتهدی من أحببت ولکن اللە یهدی

من يشاء و هو أعلم بالمهتدين) القصص56.
کەواتە بەپێی ئەم دەقە بێت، نەک هەر ئەرک و ڕۆڵی ئەم هەموو واعیز، زانای ئاینی، داعی، ئەحزابی ئیسلامی ئیسلاحی و جیهادی پێویست نیە، بەڵکو هاتنی پێغەمبەرەکانیش پێویست نەبووە (شتەکان قەدەری و جەبرینە). کەواتە لە هەردوو باردا بە بەڵگەی چەمکی ئیختیارییەت لە ئیسلام و چەمکی قەدەری و جەبریی، هەروەها بۆ سەلماندن و چەسپاندنی بیر و باوەڕ یان پەیامی ئیسلام، نە پێویستمان بە توند و تیژی نە بە وەعز و ئیرشاد نابێ. یەکیان (ئیختیارییە) ، خوا مرۆڤ سەرپشک دەکات لە هەڵبژاردنی چارەنووسی خۆی، ئەویتریان (جەبری – قەدەری)ە، واتە تا خوا فەرمان نەکا، گۆڕانکاری لە چارەنووسی هیچ کەسێ ڕوونادات .
ئەگەر لەم ڕاستیە وەردبیەنەوە ئەوە دەگەینە ئەم قەناعەتە:
- ئەگەر جەبرین یان قەدەریین، ئەوە خوا کافر بوون و نەبوونی ێراندۆتەوە، بەمەش نە سەرۆکی هەرێم و نە مامۆستایانی ئاینی و نە هیچ هێزێکی تر ناتوانن بەرامبەر ئیرادەی خوا، ئاراستەی بیرکردنەوە و قەدەر و چارەنووسی مرۆڤەکان بگۆڕن.
- ئەگەر ئیختیارین، ئەوە خۆمان دەتوانین بڕیار لە چارەنووسی خۆمان بدەین، کەواتە ئازادین و چەمکی ( وجادلهم ..) دەبێ پەیڕەو بکەین .
ئەگەر لەم ڕاستیانە ووردبینەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامە: یان ئەوەتا لەم قۆناغەدا پێغەمبەری خوا شورای وەک تاکتیک بەکارهێناوە و لەژێر فشاری کۆمەڵێ فاکتەریش (وەک مرۆڤێک) بیری لە ڕاوێژ و ڕاپرسی(شورا) کردۆتەوە. بەمەش دەبێ بڵێین ، مەترسیەکان وایان لە پێغەمبەر کردووە، گرنگی بەسەرجەم لایەنگر، خزم و یاوەرەکانی بدات و شورا لە کاروبارەکانی ڕۆژانە بەکاربهێنێ، وەک ئەم ئایەتە ڕوونی دەکاتەوە (فبما رحمه من الله كنت لهم ولوكنت فظاً غليظ القلب لانفضوا من حولك فاعف عنهم واستغفر لهم وشاورهم في الأمر) آل عمران 159 ، بە گوێرەی ئەم دەقەبێ ، واتە پێغەمبەر لە ناچاری باوەڕی بەشورا هێناوە، نەوەک حوکمڕانی و حاکمیەتی موطلەق تەنها بۆ خوایە. ئەگەر وانەبێ ئەی بۆ پێغەمبەر جارێکی تر هاتووە بۆ ڕاگرتنی دڵی دەوروبەرەکەی و ئەو (کافرە؟!) تازە ئیسلام بووانە یارمەتی دەبڕێنێتەوە؟ دیارە بۆ ئەوە بووە تا لە ئیسلام هەڵنەگەڕێنەوە و نەبنە سەرچاوەی مەترسی (انما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والموءلفة قلوبهم) التوبة60، ئەمانە و زۆر ڕاستی تر دەبنە بەڵگە، کەوا خودی پێغەمبەر بەو هەموو پشتیوانیەی خواوە نەیتوانیووە بەسەر خواست و حەزەکانی مرۆڤ بازبدات، بەپێی کاراکتەری مرۆڤەکان، وەک هەر ڕابەرێک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوروبەرەکەی کردووە، لە قۆناغە سەرەتایەکانی هاتنی ئیسلامیشدا، خۆی بە بەشەر زانیووە، وەک سەرجەم مرۆڤەکانی تر هەڵسوکەوتی لەگەڵ واقیعدا کردووە و خۆی لە کۆمەڵگاکە دانەبڕاندووە. پێویستە موسڵمان و حاکمە موسڵمانەکان چاو لە ڕەفتار و ئاکاری ئەو بکەن.
بێشک موسڵمانان بەهەموو( ڕەنگەکانیانەوە )، ئەم ڕەفتار و کردەوانەی پێغەمبەر ، لەو قۆناغە بە ڕاست دەزانن، ئەوەش بەو مانایە دێ یان ئەوەتا ڕەسول دواتر لەو شورا سنووردارە و دەستوورە پەشیمان بۆتەوە یان ئەوتا ئەوانەی لەدوای ئەوەوە هاتوون لە ئاکامی بەهێزبوون و ڕەوینەوەی مەترسیەکان یان نەمانی هۆکارە سیاسی، سەربازی، ئابووریەکان و پەیدابوونی بەرژەوەندی تازەوە، کە بوونەتە پاڵنەرێک تا بیر لە شورایەکی زۆر سنووردارتر بکەنەوە، کە تەنها لەنێوخۆی گروپێکی دەستنیشان کراوی موسڵمانان بێ.13 دواتریش ئاراستەی ڕەهەندی پرۆسەی شورا، بەهۆی کوژرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە ساڵی40ی کۆچی بە ئاقاریکی وائاڵۆز داببەن، وابکەن لە پراکتیکدا شورا بەتەواوەتی بوونی نەمێنێ، تەنها وەک دەقێک لە نێو دێرەکانی قورئان بخوێنرێیەوە.
بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کەوا ئەم شورا سنووردارە، لە سەردەمی پێغەمبەردا عەیار بیستوچوار بووە، چونکە لە هەموو بارێکدا دوا بڕیار دەگەڕایەوە بۆ پێغەمبەری خودا، ئەویش بە ئایەتێک یان بە حەدیسێک دەیبڕاندەوە (وما ينطق عن الهوى ان هو الا وحي يوحى) النجم:3-4، لەو دۆخانەش کەوا پێغەمبەر یان ئەسحابەکان دەقێکی وایان لە بەردەستدا نەدەبوو تا ڕاستەوخۆ کاری پێبکەن، ئەوە بەناچاری جار جار ڕایەک وەردەگیرا بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە، بەڵام دواتر هەر دەبووا پێغەمبەر خۆی ئەم ڕایە بە دەقێکی ئیلاهی پشتڕاست بکاتەوە. هەر ئەمەش وایکردوە پێغەمبەر چەندین جار لەلایەن خواوە تووشی ڕەخنە ببێتەوە، سەهوەکانیشی بۆ ڕاستبکرێتەوە.
یان ئەگەر بە ووردی سەیری هۆکاری دابەزینی هەندێ لە ئایەتەکان بکەین، دەبینین ئەو کاتانەی یەکێ لە ئەسحابەکان هەڵسوکەوتێک یان ڕایەکی دروستری لەوەی ڕەسوڵی خوا هەبووە، ئەوە دواتر ئەم ڕایە لە کەلامی مرۆڤەوە، بە ئایەتێک کراوەتە کەلامی خوا، بۆ نموونە: چەند جارێک ڕاکانی عومەری کوڕی خەتاب لای خوا پەسندتر بووە، لەوەی پێغەمبەر (ماكان لنبى أن يكون له أسرى حتى يتخن في الأرض تريدون عرض الدنيا والله يريد الأخره والله عزيز حكيم) الانفال:67 بەهۆی ئەو ڕەخنەیە پێغەمبەر سەبارەت دروستی ڕاکەی عومەر وتوویەتی: (لو نزل العذاب لما نجا منه غير عمر)، چونکە عومەر دیلەکانی کوشتبوو، بەڵام ئەو بە فدیە ئازادی کردبوون.15 ئەمەش جگەلەوەی بەڵگەیەکە، کەوا دەیسەلمێنێ ڕەسولی خوا وەک باقی مرۆڤەکانی تر خۆی بە بەشەر زانیووە، ڕێگای بەڕادان و کاری سەرکەشی

ئەسحابەکان داوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم هەڵسوکەوتە ئازایانەی ئیمامی عومەر و سعد کوڕی ئەلمەعاز، ئاماژەیەکە بۆ سەرکەشی و بوونی ئازادی ڕادەربڕین چ لای کوڕی خەتاب وچ لای کوڕی ئەلمەعازی (مرۆڤ)، لەبەرامبەر ڕەسولی خوا، کەواتە ( قیاسەن) لەسەر ئەم راستیە بۆ ئێمەش هەیە ئازاد بین لە رادەربڕی. بەم (پێوەرە)بێ ، ئەوە/ واتە مامۆستایانی ئاینی بەم کارەیان خۆیان لە ڕێنمایی و ئاکارەکانی پێغەمبەر دوورخستۆتەوە.

کەواتە بەپێی ئەم دەقە و ئەم چیرۆکە بێت کە ئەسحابەکان گێڕاویانەتەوە و کتابەکانی حەدیس و تەفسیر، تەئکیدیان لەسەرکردۆتەوە، بۆ مرۆڤ هەیە لە ئاست فەرمایشت و ڕەفتارەکانی پێغەمبەر مل کەچ نەکات و گفتووگۆ بکات. لەلایەکی تریشەوە واتە هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ یان ڕایەکی مرۆڤیش، جارێک لە جاران بۆتە جێگای ڕەزامەندی خوا،بەواتایەکی تر خواست و ڕای مرۆڤیش بەشداربووە لە داڕشتنی دەقەکانی قورئان. ئەگەرچی لە رۆژگاری پێغەمبەر ئەم بەشداریکردنەی مرۆڤ و خوا لە داڕشتنی دەقەکان بە ئاشکرا و زیاتر بۆ پێغەمبەر بووە(وما ينطق عن الهوى ان هو الا وحي يوحى) النجم:3-4. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ئیمامی شافعی لە مەزهەبەکەیدا سونەتی پێغەمبەر، بۆ حوکمدان لە دەقەکانی قورئان بە بەرزتر ڕادەگرێ، هەر ئەم هۆکارانەشە وایکردووە لەدوای مردنی پێغەمبەریش، ئیجتهادکردن بۆشایی ئەم تێکەڵاوبوونەی ڕای (بەشەر و خوا) پڕ بکاتەوە.

لەدوای مردنی پێغەمبەر ئەسحابەکان ڕایەڵی ئەم پەیوەندیەی نێوان( خوا و پێغەمبەر)یان، لە ڕێگای گێڕانەوەی دەقەکان و هۆکارەکانی دابەزینیان بە زیندووی ڕاگرتووە،لێرەوە گرنگی ئەسحابەکان لە پێناسەکردن،ناسینی ئیسلام و دەقەکان بەدیاردەکەوێ،ئەم بازنەی پەیوەندیە بەهەنگاوێکی تر دادەنرێ لە تێکەڵاو بوونی سنووری فەرمایشتەکانی خوا و عەبد، ئەمەش وایکردووە جیاوازی لە تەفسیر،تەئویل،ئیجتهادکردن دا دروست ببێ، بەڵام بەو مانایە نا کە بووبێتە هۆی فراوانکردنی پانتایی بواری ئازادی بیر و ڕا یان شورا، بەڵکو بەرەنجامەکەی سەدان شەڕی خوێناوی نێوان موسڵمان- موسڵمان بووە.

دروست بوونی ئەم تێکەڵاویە لە نێوان سنووری خوا و عەبد ، تا ئێستاش لەگەڵ دابێ نەک لەلایەن زانا ئسلامیەکانەوە، بەڵکو لای سەرجەم ئاینەکانی تریش چارەسەر نەکراوە، بەڵکو بۆتە هۆی ئەوە کە پیاوانی ئاینی خۆیان بەوەکیلی خوا بزانن و لە جیاتی خوا حوکمی ژیان و مردن ، حوکمی بە ختەوەری و ڕیسواکردن بەسەر مرۆڤدا ببڕنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەقێکی ئیلاهی هەبێ ئەوان بکاتە وەکیلی خوا لەسەر زەوی.

ئەم تێکەڵاویە بەردەوامەی نێوان ڕای مرۆڤ و خوا، جگە لەوەی پیرۆزی دەقەکان کاڵ دەکاتەوە،ئەوەش دەسەلمێنێ، کەوا بەبێ بوونی ڕا و پێشنیارەکانی مرۆڤ، فەرمایشتەکانی خوا لەسەر زەوی (لە واقیع)دا گەشەناکات، پیادەکردنیشیان وا ئاسان نیە. هاتنە پێشەوەی ئیجتهاد ، تەفستر و تەئویلی دەق ، دەقا و دەق بەو مانایەدێ کە هیچ دەقێکی ئیلاهی بێ بەشداری کردنی ڕای مرۆڤ ناچێتە قۆناغی کارپێکردن.

کەواتە ئەم پەیوەندیە بەردەوامە (چ بە ڕاستەوخۆ چ بەشێوەیەکی سێبەر) بەڵگەی ڕێزگرتنە لە ئازادی عەقل و بیری مرۆڤ، بەبێ ئەم تێکەڵاویە، بوار لەبەردەم گەشەکردنی هیچ ئاینێک نامێنێتەوە،هەر بۆیەشە کاتێ ئەم پەیوەندیە نامێنێ یان ئەوەتا توندوتیژی ڕوودەدات یان ئاینەکە لە ناودەچێ. بۆیە پێویست ناکات مامۆستایانی ئاینی لە ڕێگای سەرۆکی هەرێمەوە سنووری ئازادیەکان تەسک بکەن و سانسۆر زیاتر بکەن.

ئەمەش ئەوە دەداتە دەست، تا ئەو ڕۆژگارەی ئەم پەیوەندیە لە نێو(موسڵمان-دەق) بوونی هەبووە، شێوەیەک لە ئازادی تاک و گەشەکردنی ئاین بوونی هەبووە،کاریگەری ئەم ئازادیەش گەشەکردنی زانست و مەعریفەی بەدواوەبووە، ئەم ئازادییە ڕێژەییە لە نێوخۆی موسڵمانان، تاکۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچیش جارجار بەرچاودەکەوێ،16بەلاّم لە قۆناغی وەستانی ئەم پەیوەندیە و هەنگاونان بۆ ساغکردنەوەی حەدیس و سەروبەردانان بۆ قورئان و هەوڵدان بۆ تەئویل و تەفسیرکردنی قورئان (مەبەستمان خودی دەقە بە تەنها) ، ململانێ و بەکافرکردنی کۆمەڵگا لە نێو موسلمانان دەستپێکرد.

ڕاستە تەفسیرکردن و تەئویلاتەکان گەیشتبوونە ئاستێکی بەرز، بەڵام لەدوای ئەوەی کە هەوڵەکان بۆ کۆکردنەوەی حەدیس و مێژووی ئیسلام تاڕادەیەک گەشەی کرد، بەمەش گەیشتە ئاستی ئەوە، کە دوا شێوەی خۆی وەربگرێ، ئیتر ئەم خەرمانە حەدیسە زۆرانە (بە کۆمەڵێ جیاوازی و هەڵەوە) ، بوون بەدەقی جێگر و پیرۆز، ئەم وەستانە لە دۆزینەوەی دەق بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارە تازەکان، هاوپێچ بە گەشەکردنی کۆمەڵگا، وایانکردوە لەکاتی تەئویل، تەفسیر و ئیجتهادکردندا، کۆمەڵێک کێشەی فکری، عەقیدەی و مێژووی بێنێتە ئاراوە، چونکە حەدیسی وا هەیە زۆر جاران دەقەکانی قورئان دەخەنە خانەی تەحریفەوە، وەڵامێکی دروستیشی بۆ پرسیارەکە نە بووە، لێرە موجتەهیدەکان و قازیەکان لە جیاتی دەق ڕاستەوخۆ دەکەوتنە دوان و بڕیاردان، ئەم پاشاگەردانیە وایکرد لە هەندێ بواردا دەق پاشە کشە بکات بۆ مرۆڤ (قانونی وەزعی)، ئەم هاتنە پێشەوە و سەرکەوتنەی مرۆڤ بەسەر دەق، وایکرد ململانێیەک لەنێوان دەقخوازەکان و موجتەهیدەکان و موفەکیرەکانی سەر بە قوتابخانەی عەقلخوازی دروست بێ، کاتێ کە قوتابخانەی عەقل توانی تەنگ بە دەقخوازەکان هەڵچنێ، نەک مێژووی ئیسلام، بەڵکو دەقەکانیشی خستە بەردەم پرسیار و ڕەخنەی

زۆرەوە، هەربۆیەش خەلیفەکان تا لە مەسەلەکانی فکری، عەقیدەیی و شەرعیە ناکۆکەکان ڕزگاریان ببێ و دەسەڵاتیش لەدەست نەدەن، زانایانی سەر بە قوتابخانەی دەقخوازیش تووشی بەرپرسیەتی ئاینی و دنیای نەبنەوە، بەناچاری کەوتنە باوەشی حاکمە زاڵم وموستەبیدەکان.

ئەم زاتانە ئیتر نەیان دەتوانی لەم خەرمانە مەزنەی فەرهەنگی نووسراوە و دەقە تۆمارکراوەکانی حەدیس ومێژوو (بە هەڵە و دروستەکانەوە) پەشیمان ببنەوە، بەهۆی بەرفراوان بوونی سنووری فەرمانڕوای ئیسلام و پەرتبوونی ئەسحابەکان و تابیعینەکان...هتد، توانای ساغکردنە و تەتڵەکردنی شتە هەڵبەستراو و دروستەکان بە پێوەری ئەو ڕۆژگارە زۆر قورس بوو بوو، تاوای لێهات دەق و کەلتووری تۆمارکراوەکانی ئیسلامی بوونە سەرچاوەی ململانێیەکی خوێناوی، بۆیە باشترین حەلی پیاوانی ئاینی دەقخواز و حاکمەکان، بۆ داپۆشینی ڕاستیەکان ئەوەبوو، دەبووا ڕێگا لە ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان بگرن، وەک چارەسەرێ یان ئامرازێکی کارا، سیاسەتی زوڵم وسەرکووتکەری بۆدەستەمۆ و دەم کوتکردنی گشت لایەک بگرنەبەر. هەر بۆیەش گەشەکردنی فکری سیاسی و فەلسەفی ئیسلامی تووشی دابڕان هات.17 تکایە بەم هەنگاوەتان مەبن بە هاندەرێک بۆ ئەوەی ئەم هەڵەی مێژووییە دووبارە ببێتەوە، ڕێگا بە ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان بدەن، با مرۆڤەکان لە ڕێگای قناعەتی خۆیان و ئەزموونی خۆیان ببن بە موسڵمان، نەک لە ڕێگای بە میرات و بۆماوەیی یان لە ترسی فتوا و مل قەتکردن و ئاگری جەهەنەم.

لەم قۆناغە بەدواوە ئەگەر زاناکان، خاوەنفکر و نووسەرەکان هەوڵیان دابێ لێکۆڵینەوە یان پێداچوونەوە بە فکر، مێژوو و کەلتووری ئیسلامدا بکەن، زۆر بەتووندی لەلایەن دەسەڵاتداران و زانا زورناژەنەکانیان ڕووبەڕووی توند و تیژی یان بەگژ داچوونەوەیەکی ڕەق بوونەتەوە یان ئەوەتا بە مورتەد ، بەلادەر تاوانبارکراون یان لە ژێر فشارێکی زۆر بوونەتە زانا و موفەکری دوو ڕوو، وەک بەئاشکرا لەبواری فەلسەفەی سیاسی ئیسلامی هەستی پێدەکەین، 18لەدوای بەرهەمەکانی فارابی (لە339ک مردووە)لە کەلتووری ئیسلامی هیچ هاوکاریەک جیدی لە بواری فەلسەفەی سیاسی هەستی پێناکرێ، سەرباری زۆری بەرهەمی فەیلەسوفە ئیسلامیەکان، ئەوەی هەشە لە بازنەی پیاهەڵدان و بەرگری لەحاکمی زاڵم و سەرکوتکردنی ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان بووە، وەک ئیبن ئەلکەسیر لە(البداية والنهاية) پشتیوانی لەم بۆ چوونەدەکات، دەڵێ: بە گوێرەی ڕاسترین ووتەی زانایان ئەگەر ئیمام فاسق بوو، ئەوە ئەم هۆیە بەتەنها نابێتە هۆی لادانی، بەڵکو نابێت لە فەرمایشەکانی دەربچین نەوەک لەمە فتنە بکەوێتەوە و ببێتە هۆی ڕژانی خوێنی حەرام و دزینی سامان...). 19 ئایا ئەمە بەڵگە نیە بۆ کۆنی پرۆسەی ژێر پێخستنی موقەدەساتەکانی ئیسلام؟ ئایا بێڕێزی بەرامبەر بە بیانای خوا کە مرۆڤە و پاکانەکردنی پیاوانی ئاینی لە بابەتی ئیبن ئەلکەسیر بۆ حاکمی فاسق و زاڵم بۆ چەواشەکردنی ئیسلام دەچێتە کام خانەوە؟ ئایا ئەم مێژووە پێویستی هەڵدانەوە نیە؟ کە هەڵمانداییەوە بۆ دەبێ کافر و بێڕێزیمان بەرامبەر بە ئیسلام کردبێ، بۆ پێچەوانەکەی نەبێ؟

**نووسینەوە و تۆمارکردنی دەقەکان:**

بە هۆی کۆمەڵێ فاکتەری جیا جیا، پرۆسەی تۆمارکردنی دەقەکانی قورئان و حەدیس ڕووبەڕووی زۆر هەڵەی تۆمارکردن و پرسیاری جۆراوجۆر بۆتەوە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێ پێغەمبەر لە ژیانیدا بووە، لە ڕۆژگاری(بەعسەت) ڕێگا نەداوە ئەم دەقانە تۆماربکرێن، 20 دواتریش کە تۆمارکراون لە دۆخێکی پاشاگەردانی، جەنگ و کۆچی بەرەوی ئەسحابەکان بۆ شوێنە تازە(فەتح)کراوەکان بووە.

پرۆسەی بەدواگەڕان و گێڕانەوەی مێژووی ڕووداوەکان، کۆکردنەوە و تۆمارکردنی حەدیس و دەقەکانی قورئان، وایکردووە کە دەیان ئەسحابە یان ڕاوی حەدیس، نووسەر، زانا، موفەسیر و مێژوونووس، بەهۆی هەڵە و کەم وکورتیەکانیان یان بەهۆی جیاوازیەکان لە چۆنیەتی گێڕانەوەی بەسەرهات و دەقەکان بکەونە بەر ڕەخنە و لێپرسینەوە، دەیان زانای حەدیسزانی وەک بوخاری، موسلیم بکەونە خۆ بۆ لێک جیاکردنەوەی حەدیسە ڕاست و هەڵە و لاوازەکان. بوارێکیش لەنێو موسڵمانان و ئیسلامۆلۆژی دروستبێ، بە ناوی زانستی حەدیس.

گرنگی زانستی حەدیس لەوەدایە، کە سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ زانینی دروستی گێڕانەوەی دەقەکانی قورئان و لێکدانەوە یان هۆکانی دابەزینی دەقەکان و ئیجتهاد و مێژووی ئیسلام . لێرەدا پرسیارێکی گەورە دێتە پێشەوە، ئایا ئەگەر ئیمڕۆ نووسەرێک، خاوەنفکر یان زانایەک یان توێژێنەرەوەیەک، هەوڵی خوێندنەوەی خەرمانی فکر و نووسراوەکانی زانا ئاینیەکانی وەک: ئیمام ئەبی حەنیفە، شافعی، مالکی، حەنبەلی، بوخاری، موسلم، تەبەری ..هتد بدات، لەبەر ڕۆشنای قسە و نووسینەکانی ئەوان، دەقەکان، حەدیس، سوونەتەکان، مێژوو وکەلتووری ئیسلام، ڕا و سەربووردەی ئەسحابە، تابعیی و تابعی تابیعینەکان و....هتد ڕاڤە و تەتڵەبکات، بۆ دەبێ تاوانباربێ و دادگایی بکرێ یان فتوای کوشتنی بدرێ؟ ئایا ئەم نووسەر و لێکۆڵەرەوە و موفەکیرە هاوچەرخانە تاوانبار و لادەرن یان ئەم زانا ئیسلامیانە و ئەو ئەسحابانەی کە مێژوو، بەسەرهات و ناوەڕۆکی دەقەکانیان بەم شێوە گێڕاوەتەوە و تۆمارکردووە؟ ئایا ئیمڕۆ ئێمە دەتوانین داوای خوێنی بەناحەق ڕژاوی سەدان حەلاج بکەین کە بەفتوای ئیمامێکی بەرژەوندچی لەپێناو مسۆگەرکردنی مانەوەی دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی یان خەلیفەیەکی زاڵم، لە بەرامبەر

کاریگەری کەلتووری نەتەوە ئیسلامیەکانی تری نا عەرەب، ئینجا لە بەر ڕۆشنایی دەقێک، حەدیسێک یان ئیجتهادێک لە ملیانداوە، کەچی لەهەمان کاتدا دەق و ئیجتهادێکی تری تۆمارکراوی دژ بەم هەبووە؟ یان خوێنی سەدان هەزار شیعە و سوونەی بێگوناهی بەرەکانی شەڕە جیاجیاکانی موسڵمانان، کە بەهۆی گێڕانەوە جیاجیاکانی دەق، حەدیس و ئیجتهادەکان لەلایەن ئەسحابەکان و تابیعنەکان، تۆمارکردنی ئەم دەقانەش لەلایەن مێژوونووس، زانا، موفەکیرە ئیسلامیەکان و کار پێکردنیان بووە؟ ئایە کام زانا، نووسەر، مێژوونووس وخاوەنفکر تاوانبارە؟

ئەوانەی لە ڕۆژگاری دوای مردنی پێغەمبەرەوە دەق، حەدیس، سوونەت، مێژوو و سەربووردەکانیان گێڕاوەتەوە و تۆمارکردووە، بە میرات وەک کەلتوورێکی تۆمارکراو بۆ نەوەکانی دوای خۆیان جێیان هێشتووە، بۆتە کەلتوور و سەرچاوەی شەریعەت، ئیجتهاد، فتوا و دەستووری ژیان؟ یان نەوەی ئیمڕۆ کە دەیەوێ ئەم هەموو هەڵانە لە بێژینگ بداتەوە و ژیانی ئاسایی مرۆڤ بخاتەوە سەرسکەی خۆی، تاچیتر بەناوی دەق و فەرموودەی هەڵبەستراو و گوماناوی یان بەناوی سوونەت و حەدیسی پێغەمبەر یان بەهۆی فتوا، ئیجتهاد و گۆتەی ئەسحابەیەکی نەناسراو یان زانا وشێخێکی توندڕەو لە ژێرکاریگەری فەرمانی خەلیفەیەکی زاڵمی خوێنڕێژ، خوێن لەبەر مرۆڤایەتی نەڕوات؟ ئایە دەبێ ئەو موفتیەی کە فتوای کوشتنی سەدانی وەک:عبدالخالق مەعروف، فەرەج فۆدە، ...هتدی داوە، دادگایی بکرێن، تا مافی د.نەسر حامد، سەلمان روشدی...هتد بگەڕێتەوە؟ یان تەرازووی شەڕ و خێری فکری لایەنگرانی ئوسامە، زەواهری، قەرزاوی و زەرقاوی ..هتد بکەینە پارسەنگ بۆ دیاریکردنی تاوانباران؟ ئایە تاوانبارانی ڕاستەقینە کێنە؟ ئەم زاتانەن کە لەدەمی ئەسحابەکان، تابیعیەکان و زاناکان، مێژووی ئیسلامیان بۆ تۆمارکردووینە، دەیان دەق، حەدیس و بەسەرهاتیان هۆنیوەتەوە و کردوویانە بەسەرچاوەی فتوا و ئیجتهادکردن، دواتریش مەسەلە فقەهیەکان و عەقیدەییەکانیان لەسەر داڕشتووە؟ یان ئەو کەسانەن، کە دەیانەوێ لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی ژیرانەی زانستی، ئەم مێژوو و کەلتوورەی ئیسلام ، جارێکی تر بخوێننەوە و ئازادی بیروڕا و ویژدان بکەنە پارسەنگ بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست و گەیشتن بە ڕەزامەندی ویژدان، کۆمەڵ و خوا؟

**کاتێ ئەسحابەکان سنوورە پیرۆزیەکان پێشێل دەکەن :**

گرنگی ئەسحابەکان و گێڕانەوەی حەدیس کاریگەریەکی مەزنی بەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیانی موسڵمان و ئاینی ئیسلام هەبووە، کرنکی ڕۆڵی ئەسحابەکان لەوەوە هاتووە کە تاکە سەرچاوەیەکن بۆ سەرجەم دەقەکانی قورئان، سونەت، کەلتووری ڕۆژگاری بەعسەت، مێژووی هاتن و داڕشتنی بنەماکانی ئیسلام، چونکە بەهۆی ئەم زاتانەوە بووە زۆر لەدەقەکانی قورئان و حەدیسەکان لە فەوتان ڕزگاریان بووە. ڕۆڵی پێغەمبەر بریتی بوو لە گەیاندن و ناساندنی پەیامی خوا بە بەندەکانی، هی ئەسحابەکانیش بریتی بووە لە هێشتنەوەی ئەم ڕایەڵەیە و بە نەمرکردنی دەقەکانی قورئان، پەیام و سوونەتەکانی پێغەمبەر.

ڕۆڵی (الموطأ) ی ئیمام مالیک، (مەسند) ئیمام ئەحمەد، (صحیح) ی بوخاری، (صحیح)ی موسلیم، سننی ئەبی داود، جامع ئەلترمذی، سننی ئەلنسائی، سننی ئیبن ماجە، لە کۆکردنەوە و تەتڵەکردنی حەدیس، سوونەت، سەربووردە و ڕووداوەکانی ژیانی پێغەمبەر و ئەسحابەکان زۆر گرنگ و بەرچاون.

لای موسڵمانان لە دوای قورئان هیچ، کتابێکی راستر لە صحیح البخاری و صحیحی موسلیم بەدی ناکرێ، چونکە بە ڕای سەرجەم زانایانی ئیسلام چاکترین شێوەی وناساندنی حەدیسەکان لەوکتابانە دیاریکراون، بۆیەش بە(الصحاح) ناویان دەبردرێت، ئەلزەهەبی، ئەلسەرخس، ئیبن ئەلتەیمیە و ئیبن ئەلسلاح دەڵێن: ئەوەی لە هەردوو صەحیحەکان هاتوونە، گوومان هەڵناگرن. ئەلکشمیریش لە(فیض الباری علی الصحیح البخاری)دا دەڵێ: دوا قسەی یەک لاکەرەوە لەصحیحین دایە. هەروەها ئیبن خەلدونیش لە کتابی(تأریخ إبن خلدون)دا دەڵێ: سەرجەم ئومە (موسڵمان) لەسەر کارکردن بە هەردوو صحیحەکان کۆکن. 21

ئەمەش وادەکاتن ئەو حەدیس، سەربووردە و گۆتانەی لەم دوو کتابە هاتوونە، بەڕاسترین و چاکترین سەرچاوە لای موسڵمانان بناسرێن. بۆ هێنانەوەی بەڵگە و نمونەش دەکرێ وەک سەرچاوەی ڕەسەنی ئیسلامی مامەڵەیان لەگەلدا بکرێ. ئایە ئەم مێژووە، حەدیس، سەربووردە و بەسەرهاتانەی کە ئەسحابەکان دەیگێڕنەوە و لەم کتابانەی سەرەوە کۆکراونەتەوە و تۆمارکراون، تاچەند سنووری شتە پیرۆزەکانی ئیسلامیان پاراستووە؟ ئایە ئەگەر ئیمڕۆ یەکێ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەم کەلتوور و مێژووە بکات، قسەکانی ئەوان بۆ بەراوردکردن بەکاربهێنێ دەبێ تا چەند ئەو کەسانە لە ڕووی یاسا و شەریعەتەوە تاوانباربن؟ ئایە کەسێک لەم ڕۆژگارە یەک لە دەی ئەم ئەسحابانە گومان لە تەحریفکرانی قورئان بکات چارەنووسی چی دەبێ؟ ئەسحابەکان، خولەفای ڕاشدین و عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر زۆر بە ڕاشکاوانە باس لە بزربوون، لەناوچوون و تەحریفکردنی قورئان دەکەن، ئایە ئەوەی باسی کوفر بکات کافرە؟ ئەگەر نووسەرانی ئەمڕۆ ئەم مێژووە تەتڵەبکەن و ئەم کەلتوورە بە خەڵک بناسێنن بۆ دەبێ تاوانباربن؟ یان دەبێ بەلانی کەم ئەگەر نەتوانرێ تاوانی سەرجەم جەنگەکانی ئیسلام- ئیسلام و خوێنە بەناهەق ڕژاوەکانی مرۆڤایەتی، کە بەدرێژای مێژووی ئیسلام ڕژاون، نەخرێنە ئەستۆی ئەم ئەسحابە، مێژوونووس و موحەدیسانە، ئەوە دەبێ بەلانی کەم ، بخرێنە

ئەستۆی درێژە پێدەرانی ئەم قوتابخانایە و چاوپۆشیکەران لەم هەلە وتاوانە زەقانە. دەبێ ئەوانە بچنە بەردەم دادگا ، نەک نووسەر و موفەکیرێکی ئازادیخوازی مرۆڤدۆست، کە ڕێگا نادا چیتر بەناوی دەق، ئیجتهاد و تەفسیرە جیاجیاکانەوە، مرۆڤ بکرێتە سوتماک و لەملیان بدرێ .

کاتێ بوخاری و موسلیم لە صەحیحەکانیاندا بەهانای خاوەن فکر و نووسەرانی ئیمرۆ دێن:

(مانًنسخ من آیە أو ننساها نأت بخیر منها أو مثلها )البقرە106، یان ئەم حەدیسە ڕاستە عن النبی صلی الله علیە وسلم قال: بئسما لأحدهم أو لأحدکم أن یقول نسیت آیە کیت وکیت بل هو نسی فاستذکروا القرآن فهو الذي نفسي بیدە لهو أشد تفصیا من صور الرجال من النعم من عقلە .22 ئەم ئایەتە و ئەو حەدیسە هەڕەشە ئامێزەی پێغەمبەر ، لەوانەی کە ئایەتەکانی قورئان لە بیردەکەن، بەڵگەیە کەوا لە سەردەمی ئەودا کەسانێک لە ئەسحابەکان هەبوونە، ئایەتەکانیان لەبیرچۆتەوە.

دیارە هەر ئەم حەقیقەتەش وایکردووە کێشە لە گێرانەوە یان تۆمارکرانی حەدیس و هەندێ دەقی قورئان هەبێ. ئەم حەدیسە دروستەش بە شێوەیەکی تر، هەر لە هەمان بابەت دەدوێ (فأمر عثمان زید بن ثابت وسعید بن العاص وعبد الله بن الزبیر وعبد الرحمن بن الحارث بن هشام أن ینسخوها فی المصاحف وقال لهم إذا اختلفتم أنتم و زید بن ثابت فی عربیە من عربیە القرآن فاکتبوها بلسان قریش فإن القرآن أنزل بلسانهم ففعلوا.)23 هەروەها (حدثنا ربیع بن یحیی حدثنا زائدە حدثنا هشام عن عروە عن عائشە رضی الله عنها قالت:سمع النبي صلی الله علیە وسلم رجلا یقرأ فی المسجد فقال: یرحمە الله لقد أذکرنی کذا وکذا آیە من سورە کذا)24 ئەمانە چەند بەڵگەیەکن لەسەر ئەوەی کە باس و خوازی لەبیرچوونەوەی حەدیس و دەقەکانی قورئان هەر لە ڕۆژگاری پێغەمبەرەوە بوونی هەبووە.

هەروەها خۆی لە خۆیدا ئەم حەدیسە کە لەسەر زاری عائیشەی خێزانی پێغەمبەر هاتووە، بەڵگەیە، کە عائیشە و ئەسحابەکان، پێغەمبەری خوا دەخەنە ژێر حوکمی ئەو حەدیسە( بئسما لأحدهم أو لأحدکم أن یقول نسیت آیە کیت وکیت بل هو نسی فاستذکروا القرآن.....هتد) ، دواتریش دەسەلمێنن نەک خەڵکی ئاسایی بەڵکو پێغەمبەریش دەقەکانی قورئانی لەبیر چۆتەوە؟!! ئایە ئەگەر ئیمرۆ یەکێ بێت ئەم کەلتوور و کتابە پیرۆزانەی ئیسلام و حوکمە شەرعیەکانیان بخاتە تای تەرازوو دەبێ بۆ تاوانبار بن؟ ئایا دەکرێ بزانین لە نێوان نووسەرانی ئەم ڕۆژگارە و کۆنەکان کامیان زیاتر موقەدەستی ئیسلامیان خستۆتە ناو قوڕ؟

هەر لە ڕۆژگاری پێغەمبەر موسڵمانان لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوەی دەقەکانی قورئان ناکۆک بوونە، باسکردنی ئەم مەسەلەیە بۆ کوفربێ؟ بۆ نمونە:البخاری، ابن حجر و ئەلتەبەری، لە زاری زەید بن ئەرقم دەگێڕنەوە:" جاء رجل الی رسول الله فقال:أقرأنی عبدالله بن مسعود، أقرأنیها زید و أقرأنیها أبی بن کعب فأختلف قرأتهم:فبقرأە أیهم اخذ؟قال سکت رسول الله وعلي الی جانبە، فقال علي: لیقرأ کل إنسان کما علم کل حسن جمیل." یان بەسەرهاتی خوێندنەوەی سوڕەی فرقان لە نێوان عومەری کوڕی خەتاب و هشام بن حکیمی قورەیشی نەژاد و زمان یان لە گێڕانەوەیەکی تردا عەبدوڵای کوڕی مەسعود دەڵێ: "تمارینا فی سورە من القرآن فقلنا خمس وثلاثون آیە قال فأنطلقنا الی رسول الله فوجدنا علیاً یناجیە فقلنا:اننا اختلافاً فی القراءە، فأحمر وجە رسول الله فقال علي:إن رسول الله یأمرکم ان تقرأوا کما علمتم.25

دیارە ئەم مەسەلانە جگە لەوەی بواری ئەوە دەدەن ئازادی لە خوێندنەوە، لە تەفسیر، لە ڕادان هەبێ، ئەوەش دەسەلمێنێ کە پێغەمبەر زۆر بەلایەوە گرنگ نەبووە کەوا چۆن قورئان دەخوێنەوە، بەڵکو پێشی ناخۆشبووە ئەم جۆرە شکایەتانەی لا بکرێت.لە زۆر شوێن بەهۆی ئەو مەسەلانەوە لەو کەسانە توڕەبووە، کە ئەم جۆرە مەسەلانەیان وروژاندووە، هەربۆیەش هەندێ جار ئیمامی عەلی لەجیاتی ئەم وەڵامی خەڵکەکەی داوەتەوە؟ دیارە ئەم قسەی الواقدی ڕاستە کە دەڵێ:" کان عبدالله بن ابي سرح یکتب لرسول الله الوحي، فربما املی علیە رسول الله(سمیع علیم) فیکتب(علیم سمیع)فیقرأ رسول الله فیقول کذلک، ویقرە، وافتتن، فقال:ما یدری محمد ما یقول:انی لاکتب لە ماشئت هذ الذی کتب یوحی الی محمد وخرج هارباً الی مکە مرتداً فأهدر رسول دمە.26" ئایە ئەگەر ئەم قسەیە و ئەم سوکایەتیە لە کتابی نووسەرێکی سکولاری یان تۆژەرەوەیەکی ئەکادیمی بگوترێت دەبێ چی ڕوبدات؟ ئەم سوکایەتی کردنە بە پێغەمبەر لای ئەسحابەکان سنووری سەروەری بەزاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم حەدیسانە لە بەناوبانگتریین کتابەکانی حەدیس ، وەک حەدیسی دروست دێنە باسکردن.

یان وەک مالک بن ئەنەس باس دەکات دەڵێ:"أختلفوا فی القرآن...حتی اقتتل الغلمان والمعلمون، فبلغ عثمان بن عفان فقال: عندی تکذبون بە وتلحنون فیە."27 بەپێی قسەی ئەم ئەسحابانە و تۆمارەکانی مالک، تەبەری، بوخاری، موسلیم و ..هتد بێ، دەبێ پێغەمبەری خوا لە ئاژاوە نانەوەی نێوان موسڵمان، خۆی تاوانباری سەرەکیبێ، چونکە جڵەوی بۆ خوێندنەوە جیاجیاکانی قورئان شلکردووە (وەک سەرجەم موسڵمانان لە سەر هەفت خوێندنەوەی قورئان کۆکن) (کذلک أنزلت أن القرآن علی سبعە أحرف، فأقرؤوا ماتیسر منە)، 28 کەچی بە قسەی ئەم ئەسحابانە و ڕاوی حەدیسەکان بێ، ئیمامی عوسمان لە پێغەمبەر زاناتر و هوشیارتر بووە، کاتێ هاتووە قرائەی سەبعەی کورت کردۆتەوە، لەیەک شێوەی

خوێندنەوە و موسحەفی عوسمانی لێ هەڵێنجاوە، بەمەش کێشە و ململانێکانی نێو موسڵمانی لەسەر قرائەی سەبعە کەم کردۆتەوە، 29

بە پێی ئەم حەدیسانەبێ ئایە کێ ڕاسترە خوا، پێغەمبەر، عوسمان یان ئەسحابەکان یان خاوەن کتابەکانی حەدیس ؟ هەر ئەمە (سبعه أحرف)ش بۆتە هۆکارێ، کەوا ئاستی گومان لای نزکترین و شارەزاترین قورئانزانی وەک (أبي بن كعب) دروستکردوە، کە پێغەمبەر لە بارەیەوە دەڵێ:"خذوا القرآن من أربعه::من عبدالله بن مسعود، سالم، معاذ، أبي بن كعب)، 30

لەم بارەیەشەوە، بوخاری، موسلم، نەوەوی و ئەلتەبەری دووپاتی قسەکانی (أبي بن كعب) دەکەنەوە، کە دەڵێ:"دخلت المسجد فصليت فقرأت النحل، ثم جاء رجل فقرأها خلاف قراءتنا ودخل آخر فقرأ سوى صاحبه فدخل نفسى من الشك و التكذيب اشد ما كنت فى الجاهليه، فأخذت بأيدهما فأتيت بهما النبى، فقلت:يارسول الله استقرىء هذين.فقرأ أحدهما، فقال: أصبت.ثم استقرىء الآخر فقال:اصبت فدخل قلبى اشد مما كان فى الجاهليه من الشك والتكذيب، فضرب رسول صدرى وقال: أعاضك الله من الشك واخسأ عنك الشيطان. 31 ئەم جۆرە حەدیسانە ئەوە دەدەنە دەست کە دەبووا:

حەفت قورئانمان هەبووایە، عوسمان لەسەر ئیجتهادی خۆی و بە پێی دیالەکتیک زانەکانی قورەیشی، قورئان ئەگەر ناتەواویەک لە ووشە و دەستەواژەکان و ئیملاکەی هەبووبێ نووسراوەتە و تۆمارکراوە. ئایە ئەم حەدیسانە ئەوەنا دەنە دەست کە قورئان بە شایەدی ئەسحابەکان خۆیان لەلایەن مرۆڤەوە دەستکاری کراوە، ئەی بۆ ئیمام و زانا ئاینیەکان ئەم ڕاستیانە باسناکەن و بە خەڵک ناڵێن ئەم هەلانە و پێشێلکاریانە لە باشترین و سەراسترین کتابەکانی حەدیس دەرحەق بە قورئان و پێغەمبەر کراون؟!!

عائیشەی خێزانی پێغەمبەر دەڵێ:"عن عائيشه:لقد نزلت آيه الرجم، ورضاعه الكبير عشراً، ولقد كانت فى صحيفه تحت سريرى، فلما مات رسول الله وتشاغلنا بموته دخل داجن فأكلها. 32 یان عن أبن عباس:قال عمر: لقد خشيت أن يطول بالناس زمان حتى يقول قائل:لا نجد الرجم فى كتاب الله."33 (أبي بن كعب) دەڵێ:"كانت سوره الأحزاب توازى سورة البقره وكان فيها (الشيخ والشيخه إذا زنيا فأرجموهما البته). ئەمەش بەڕاشکاوانە دانانێکە بەونبوونی پتر لە 213 ئایەت(چونکە سورەی بەقەڕە 283 ئایەتە و ئەحزابیش 73 ئایەتە).34 لێرەدا ئەم حەدیسە ڕاستانەی کەوا ئەسحابە و خاوەن کتابەکانی حەدیس گێڕاویانەتەوە ئەوە دەگەیێنێ، کەوا دەقەکانی قورئان بە تەواوی کۆنەکراوتەوە و تۆمارنەکراون، ئەمە لە سەر بەرپرسیەتی ئەسحابە و هەندێ لە موفەسیرەکانی قورئان. ئایە ئەمە هەتکردن و بە زاندنی سەروەریەکانی ئیسلام نیە؟ ئایە ئەمە نووسەرە عیلمانی و (کافرەکان؟!) نووسیویانە یان ئیسلامە عەیار بیستوچوارەکان؟

ئەم دوو دەقە بزربووانە، (کە ئەوان باسیان لێوەکردووە و قسەی ئەسحابەکانە خۆیانە)؟! دوو سەرچاوەی زۆر گرنکی تایبەتن بە بواری یاسای ئەحوالی شەخسی و قانونی سزادان لە ئیسلام ، ئەمە جگەلەوەی ، کە ئەوە بەدیاردەخا، قورئان بەتەواوەتی کۆنەکراوەتەوە ، هەروەها هەر فتوایەکیش ئەم دەقە بزربووانە بیانگرێتەوە، واتە بە دەستووری خوا مامەڵەی لەگەل نەکراوە. ئایە دەبێ تاوانی یەکێکی وەک سەلمان روشدی چیبێ، ئەگەر بڵێ: هەندێ دەق لە قورئان تۆمارنەکراون؟ بەڵام عائیشە و أبي بن كعب..هتد نابێ لە پیرۆزییان کەم بکرێتەوە؟

لە گێرانەوەی ئەم حەدیسە صەحیحانە، ئەم پرسیارانە دروست دەبن: ئایە ئەسحابەکان ڕاست دەکەن؟ ئەگەر وایە کەواتە قورئان بەتەواوی کۆنەکراوەتەوە و تەحریف کراوە، ئەگەر بڵێین: حەدیسەکان هەڵبەستراون ، کەواتە یەکەمجار دەبی خاوەنی کتابەکانی حەدیس شتی هەڵەیان بەسەردا تێپەڕ بووبێ، ئەمەش لە بەهای ڕاستەقینەی ئەم کتابانە کەم دەکاتەوە یان ئەگەر ئەم کتابانە ڕاستن ئەوە ئەسحابە و ڕاویەکانی حەدیس شتیان بە زمانی ژنی پێغەمبەر و ئەسحابەکانی هەڵبەستووە، ئەمەشی ناکۆکە لەگەل دەقی قورئان، لە ئەزعەفول پرسیارماندا دەبی بڵێین: ئەم حەدیسانە دروست نینە. کەواتە دەبێ بە هەر نۆ سەرچاوەکانی حەدیس دابچینەوە، بەگومانەوە سەیریان بکەین، بەمەش سەرجەم کتابەکانی بواری عەقیدە و شەریعەت دەکەونە بەر گومان، کەلتور و ئەدەبیاتێکی زۆری تۆمارکراوی فقەهی و عەقیدەیمان دەبێ پشتگوێ بخرین.

لێرەدا دەگەینە حەقیقەتێک: بچووکترین گومان لەم سەرچاوانەی حەدیس، گەورەترین گومانمان لە سەرجەم دەقەکانی قورئان لا دروست دەکات.لای ناوەندە ئاینیەکانی ئیسلام ئاسانترین چارەسەر بۆ ڕەواندنەوەی ئەم پرسیارانە، بەکافرکردنی هەر کەسێکە ئەگەر ئەم لاپەڕە تۆز گرتووانە هەلبداتەوە. هەر ئەمەشە سەرجەم موسڵمانان دەخاتە نێو بازنەیەکی داخراوی تەناقوزاتەوە، کە دەرچوون تیایە ئاسان نەبێ. بۆ دەربازبوون لەکایەی ئەم هەموو هەڵەو بوختانانە ، جگە لە دەستبەردار بوون لەو ناوەندە دینیە جیاجیانە و خۆ ڕزگارکردن لەو فتواکانی ئەو پیاوە ئاینیانە ، کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم جۆرە کتابانە حوکمی مەرگ و ژیان ، بە بەهەشت شادبوون و چوونە دۆزەخی خەڵکی دەردەکەن؟!

هەندێجار ، هەندێ لایەنی ئیسلامی ئاگادار بەو ناکۆکیانە، بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم هەموو ململانێیانە، وەک

چارەسەرێکی سیحراوی، پەنا بۆ گەڕانەوە و پشت بەستن بەدەقی قورئان دەبەن، لەو ڕوانگەوە کەسانی وەک دکتۆر حەسەن ئەلتورابی هەموو قوتابخانە و ڕێبازە فیکریەکانی ئیسلامی ڕەتدەکەنەوە، بەو مەبەستە، گوایە ئەم گەڕانەوەیە لە ڕاستی و حەقیقەتی ڕەها نزیکیان دەکاتەوە، بەڵام کاتێ بگەینە ئەم چاڵە قوڵە، تەنها ئەسحابەکانمان لێوە دیاربێ، ئەوانیش تەنها سەرچاوەی ڕاستەقینەی تۆمارکردن و گێڕانەوەی دەقەکان بن، لەڕاستیشدا ئەوانە خۆیان سەرچاوەی ئەم هەموو گومان و ناکۆکیانەبن لە دەقەکان، کەلتوور و مێژوو، ئەوە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو جگە لە ڕاکردن لە ئێستا(الحاضر) هیچی ترنیە و هەمان بەرەنجامە، لەبەر ئەم هۆیەشە محمد عابد الجابری لە(نحن والتراث) دەگاتە ئەم حەقیقەتە، کە عەرەب خاوەنی"مێژوو و ئێستا" نیە، چونکە تەنها "ڕابردوو و داهاتوویان" هەیە، داهاتووشیان هەر ڕابردوویەکی جواوەی دووبارەکراو ە.

واتە مێژوو و داهاتوویان بریتیە لە بەردەوامی رابردوویەکی زیندووی پڕ لە ناکۆکی و هەڵە، 35 ئەلێرەوە کێشەی موسڵمانان لەگەڵ داهێنان و ئازادی بیر و ڕا دەستپێدەکات، کارکردن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو (بە هەموو شێوەکانی) لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی، نەخوێندەواری، ئاراستەکراوی، داخراوی عەرەبی و ئیسلامی زۆر ئاسانترە، تا لە کۆمەڵگایەکی ئازادی خوێندەواری هوشیار، ئەلێرەوەیە فتوای بەکافرکردنی ڕۆشەنبیرەکان ، ئاسانترین چەکە بۆ بەردەوامبوونی دژەشۆڕشی ناوەندە ئاینیەکان ، لە دژی خەڵکی هوشیار و خوێندەوار.

لەبارەی ئایەتی31ی سورەی الرعد ئەلتەبەری، ئیبن حجر ئەلعەسقەلانی بە پشت بەستن بە صحیحی بوخاری و گێڕانەوەی لە ئبن عباس دەلێن:لە راستیدا ئایەتەکە (أفلم یتبین الذین آمنوا)ە، نەک وەک لە قورئان هاتووە(أفلم ییأس)بێ، ئیبن عەباس دەلێ: دیارە تۆمارکەری ئەم ئایەتە خەواڵوبووە. یان لەکاتی کۆکردنەوەی قورئان عبداللە ابن مسعود بە عومەری وتووە: أکتبوا(والعصر إن الانسان لیخسر وانه فیه الی آخر الدهر) ، عومەر وتوویەتی: ئەم ئەعرابیە لابەرن.36 سەیری ئەم گاڵتە پێکردنەکەی ئیبن عەباس بکە بە(زەیدی کوڕی ثابت، عومەری کوڕی خەتاب و عوسمانی کوڕی عەفان)کە هەرسێکیان لە کۆکەرەوە و تۆمارکەرانی قورئانن؟! ئەمە لە لایەک بەڵگەیە بۆ بە گومان بوونی ئەسحابەکان لەیەکتری، لەلایەکی کەشەوە گومان لە دروستی تۆمارکردنی دەقەکانە، بە شایەدی ئەسحابەکان خۆیان؟! ئایە ئەمە دوا ئاستی بێ ڕێزی ئەسحابە – ئەسحابە نیە بەیەکتری؟ ئایا ئەو قسانە هی کەسانێکی عەلمانی و دژە دینن؟!

سەربارى ئەوەی معاویە بنەمای دەسەڵاتەکەی لەسەر زوڵم بووە، دەیان ئەسحابەی وەک حجر بن عودەی، حەسەن وحسێنی کوڕی ئیمامی عەلی و ئیمامی عەلی ...هتد کوشتووە، ئایە کوشتنی ئەسحابەیەکی (چ جای ئەوەی نەوەی پێغەمبەریش بن ) تاوانتر و لە ژێر پێنانی پیرۆزەکانی ئیسلامە، یان ڕەخنە و لێکۆلینەوە لەم مێژووە خوێناویە پڕ لە کوشتار و زوڵم و زۆرە؟37

**ئەسحابەکان گومان لە سەرراسترین ئەسحابە و یاوەری پێغەمبەر و ذو النورین دەکەن:**

عومەری کوڕی خەتاب و زەیدی کوڕی ثابت هیچ ئایەتەکیان تۆمارنەدەکرد کە دووکەس شایەدی بۆ نەدابێ، بەڵام کاتێ ئەبی خەزیمەی کوری ثابت کۆتای سورەی بەڕائەی بۆ هێناون، ئەوە لیژنەی تۆمارکەری قورئان، بەبێ شاهێد لێیان وەرگرتووە، کەچی عومەری کوڕی خەتاب کە دووجار زاوای پێغەمبەر" ذو النورین"و سەرڕاسترین ئەسحابە بووە، کاتێ ئایەتی ڕەجمی بۆ لیژنەکە هێناوە، زەید تۆماری نەکردووە38. لێرەدا ڕاستگۆی ئەسحابەکان لەبەر ڕۆشنای ئەم دەقە دەکەوێتە بەر گوومان ( والسابقون الاولون من المهاجرین والانصار والذین اتبعوهم باحسان رضی الله عنهم ورضوا عنه)التوبە:100چونکە ئەم دەقە، ئایەتێکە، زۆر بە ڕاشکاوانە شایەدی بۆ ڕاستگۆی ئەسحابەکان دەدا. ئایا چۆن دەبێ لە کاتێکدا خوا شایەدی بۆ ڕاستگۆی ئەسحابەکان دابێ، بەڵام زەیدی کوڕی ثابت گومان لە ڕاستگۆی ئەسحابەکان بکات؟! بەتایبەتی لە یەکێکی زۆر بەرچاوی وەک عومەری کوڕی خەتاب و شاهێدی لێ بوێ؟! شایەدیەکەش بۆ ڕاستگۆیەتی بێ لەسەر گێڕانەوەی دەقی قورئان، نەک لەسەر شتێکی تر.

بەگومان بوونی ئەندامانی لیژنەی کۆکردنەوەی قورئان لە یەکتری، داواکردنی شاهێد لە یەکێ لە ئەندامەکان لیژنەکە، موسداقیەتی ئەم لێژنەیە دەخاتە بەر گومان لەلایەک، لە لایەکی تر خوا لە چەند بۆنەیەکدا ڕاکانی عومەری بە پەسنتر زانیووە، نەک هەر لەهی ئەسحابەکان، بەڵکو چەند جارێک لەوەی پێغەمبەریش.39 کەواتە لێرەوە ئەگەر باوەڕمان بەو مەسەلەیە هێنا کە لەم کتابانە (کەلتووری تۆمارکراوی ئیسلام) دەربارەی مێژووی تۆمارکردن و کۆکردنەوەی قورئان هاتوونە، ئەوە نەک لە لێژنەکە بەڵکو لە دەقاکانیش دەکەوینە گومانەوە، چونکە ئەم حەقیقەتانە ڕاستگۆی ئەسحابەکان لەکەدار دەکاتن. ئەم جۆرە بابەتانە گەڕانەوە و وابەستە بوونمان بە کەلتوور و مێژوو (ڕابردوو) دەخاتە بەر پرسیار و هەنگاومان شل دەکاتن.

عەبدوڵای کوڕی مەسعود، یەکێکە لە ئەسحابەکان ، کە خوێندنەوەی قورئانی زۆر بە چاکی زانیووە، یەکەم کەس بووە لە موسڵمانان بە ئاشکرا لە نێو قورەیشیەکانی مەککە، قورئانی خوێندبێتەوە، یەکێکە لەو چوارکەسەی، پێغەمبەر لەبارەیانەوە وتوویەتی: قوڕئانیان لێوە فێربن. کاتێ عوسمان کوری عەفان قورئانی کۆکردۆتەوە، فەرمانی داوە نوسخە

کۆنەکان بسوتێنرێن، تەنها لە هەفت خوێندنەوەکە، یەک شێوە خوێندنەوەش تۆماربکرێ و بەکاربهێنرێ، عەبدوڵای کوڕی مەسعود هاواری لێهەستاوە و وتوویەتی: 'یا أهل العراق أكتموا المصاحف التی عندكم وغلواها فأن الله یقول:ومن یغلل یأت بما غل یوم القیامە." ئەم قسەیەی کوڕی مەسعود، لەلایەن سەر ڕاسترین کۆکەرەوە، تۆمارکەر، توێژەرەوە و حەدیسزانی وەک بوخاری، موسلیم و ئیمام ئەحمەد پشت ڕاستکراوەتەوە. ئەمانە زۆر بەئاشکرا ئەوە دەدەنە دەست کەوا ئەسحابەکان گومانیان لە سەر ڕاستی یەکتری هەبووە، بە ئاشکرا یەکتریان بە تەزویرکەر و پەل بەستەکەری قورئان لە قەلەم داوە. ئەگەر ئەم تاوانانەی ئەوان خستویانەتە پاڵ یەکتری، نەخرێنە خانەی پەت پساندن و پێشێلکردنی سەروەری پیرۆزیەکانی ئیسلام، ئەوە بەچی لە قەلەم دەدرێن؟

ئەگەر ئەوان وایان بەیەکتری کردبێ و لەیەک ڕازی نەبووبن ، بۆ بۆ زانا و توێژەرەوکان یان خەڵکە ئەکادیمیەکان باسکردن و تۆژینەوەی ئەم کەلتوورە تۆمارکراوانە قەدەغەبن و هەر نزیک بوونەوەیەک لەم ڕاستیانە بقەکاری بێ؟ ئەگەر دادگاکاری بۆ نووسەر و لێکۆڵەرەوان دابنرێت، ئەوە دەبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەم حەقیقەتانە، یەکەمجار بۆ هەندێ لە ئەسحابەکان، نەوەکانی دووەم و سێیەمی موسڵمانان، زانا ئاینیەکانی پاش ئەوان دابنرێ، ئینجا نەوەکانی دوای ئەوان، نەک ئەوانەی ئیمرۆ کە دەیانەوێ ئەم ڕاستیانە بخەنە ڕوو، بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی عەقل و زانست.

ئەم بەراوردکردنە، مافی ئازادی قسەکردن، ڕادەربڕین و بیرکردنەوەمان بۆ مسۆگەر دەکاتن، لە حالەتی بە درۆ خستنەوەی ئەم حەدیسانەشدا ئەوە لەهەموو دۆخێکدا سەرتاپای کەلتوور، گووفتار، ڕەفتاری ئەسحابەکان و دەقەکانی قورئان، هەڵە و چەوت دەردەچن، چونکە بەرەنجامی هاوکێشەکە ئەوە دەداتە دەست، کەوا ئەم کەلتووره ئیسلامیە (دەقەکان، کەلتووری تۆمارکراو و مێژوو) ، لە هەندێ خەڵکی درۆزنی وەک ئەسحابەکان کە خۆیان ئەسحابەکان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دانیان بە بوختانکاری، کوشتاری ناڕەوای یەکتری، دەستکاری دەقەکانی قورئان و حەدیس هۆنینەوەیان ناوە. ئێمە لێرەدا هیچ قسەیەکمان نیە، هەموو قسەی ئەوان بووە گێراومانەتەوە.

دیارە سەرجەم ناوەندە ئیسلامیە سونەکان، دان بەسەر ڕاستی ئەسحابەکان دەنێن، ئەگەر وایە و ئەوانە ڕاستگۆن، کەواتە تەحریفکرانی قورئان دەکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەم حالەتەش هیچ جۆرە پیرۆزییەک لە ئارادا نامێنێ ، بەلانی کەم پیرۆزی ئەسحابەکان، دەقەکان، کەلتووری تۆمارکراو و ئیمامەکان دەکەوێتە بەر ڕێژنەی گومان و پرسیار؟!

لێرەوە سەرچاوەی ئیقتیداکردنمان بە سەلەفی سالح دەکەوێتە بەر پرسیار و گومان، ئایە دەبێ ئیمرۆ ئێمە بۆ گەڕانەوە و تایمدانەوەی کۆمەڵگاکەمان، ئیقتیدا بە کێ بکەین، بەم کەلتووره پڕ لە گومان و پرسیارانە؟ بەم زاتانەی کە خۆیان، خۆیان بەرپرسیاردەکەن لە کۆمەڵێ تاوان، کە بەناوی دەق ، بە شایەدی ئەوان ، لەسەر بەرپرسیەتی و گێڕانەوەی ئەوان ئەنجام دراون، ئایە بۆ ڕزگار بوون لەم هەموو چەرمەسەری و ئەم مێژووە پڕ لەپرسیار و گوماناویەمان، جگە لە عەقل ، هیچ پەنای باشترترمان هەیە؟ ئەمانە بەشێکی زۆر کەمی ئەو نمونانەن کە لە حەدیسە سەحیحەکان و سەربووردەی ئەسحابەکانەوە وەگیراون ، لە نێو ڕاسترین کتابەکانی ئەهلی سوونە و جەماعەتی تایبەت بە حەدیس و کەلتووری ئەسحابەکان هاتووە.

**رای زانایانی شیعە و کەلتووری تۆمارکراویان بەرامبەر دەقەکان وئەسحابە:**

علی بن ابراهیم القمی، لە تەفسیرەکەی خۆیدا سەبارەت بە ئایەتی110ی سورەی آل عمران لە سەرزاری ئەبو عبدالله دەگێڕتەوە دەڵێ: (كنتم خیر أمة أخرجت للناس) نیە ، چونکە "خیر أمة" چۆن عەلی، حەسەن وحسین دەکوژن، بەڵکو لە ڕاستیدا (كنتم خیر أئمة أخرجت للناس) بووە، کە دەبینن کۆتایی ئایەتەکەش (تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر وتؤمنون بالله) پیاهەڵدانە بە ئیمامەکان.

ئەبو جەعفەر محمد بن ئەلصفار لە (البصائر الدرجات) لە ئەبی جەعفەری ئەلصادق دەگێڕتەوە دەڵێ:"ما من أحد من الناس یقول انه جمع القرآن كله كما انزل الله الا كذاب، وما حفظه كما أنزل الا علی بن ابی طالب والأئمة من بعده."

کەریم الكرمانی ناسراو بە مرشد الامام دەڵێ:"ئیمامی مەهدی پاش بەدیارکەوتنی قورئانە ڕاستەکە تەلاوەت دەکات و دەڵێ: " ئەی موسڵمانان ئەمە قورئانە دروستەکەیە، کە بۆ محمد دابەزیووە ، نەک ئەوەی تەحریف و گۆڕدراوە." الكافی و شێخ سەدوق، الشیخ محمد بن محمد النعمان ناسراو بە المفید لە (أرشاد المفید)، ئەحمەد بن مەنصور ئەلتەبرسی لە(الأحتجاج)، ئەلجەزائیری لە(الأنوار النعمانیه)، ئەردەبیللی لە (حدیقه الشیعة)، محمد بن یعقوب الكلینی لە (اصول الكافی:كتاب الحجه)، ...زۆربەی هەرە زۆری زانایانی شیعە گومان لە ڕاستی دەقەکانی قورئان، حەدیس و ئەسحابەکان دەکەن.

بەڕای ئەو زانا شیعانە، لە سەدا، سەد ، ئەم دوو سورەتەی خوارەوە لەلایەن عوسمانی کوڕی عەفان و لیژنەی کۆکردنەوەی قورئان، لە قورئان لابراوون، یەکەمیان سورەتی الولایة (یا أیها الذین آمنوا بالنبی والولی الذین بعثناهما یهدیانكم الی صراط مستقیم نبی وولی بعضهما من بعض... ألخ) و سورەتی النورین ( یا أیها الذین آمنوا بالنورین انزلناهما یتلوان علیكم آیاتی و یحذرانكم عذاب یوم عظیم.... ألخ). سەرباری ئەمانە ئەدبیاتی نووسراوەی شیعە پڕیەتی لە سوکایەتی و بەدرۆخستنەوە ئەسحابەکان ، بە تایبەتی عومەر، ئەبی هورەیرە، معاویە، عائیشە.....هتد.40

ئەمانەی سەرەوە چەند نمونەیەکن لە ئەدەبیاتی تۆمارکراوی موسڵمانی شیعە مەزهەب، کە گومان لە ڕاستگۆیی، دروستی قورئان و سەرڕاستی ئەسحابەکان دەکاتن، ئەم ئەدەبیاتە تۆمارکراوانەی شیعەگەرایی، کە پڕا و پڕیەتی لە بابەتی سووکایەتی کردن بە موقەدەساتی ئیسلام، ئایە ئەمە تا چەند ڕەوایی دەدات بە مەرجەع و حەوزەکان مرۆڤێک کافر بکەن، کە باوەڕی بە ئازادی ڕادەربڕینە ، وەک چۆن ئیمام و مەرجەعەکانی خۆیان بۆ پاکانەکردن وبەرگری لە بیر و بۆچوونەکانی خۆیان نەک هەر ئەسحابەکان ، بەڵکو قورئانیش بە تەحریفکراو دادەنێن؟

جیاوازی ئاستی تێگەیشتنی ئەسحابەکان یان نزیکیان لە پێغەمبەر و بەرەنجامێکی خراپ:

جیاوازی موسڵمانان تەنها لەسەر تۆمارکردنی دەقەکان، حەدیس و گێرانەوەکانیان نەبووە، زۆر بواری تردەگرێتەوە وەک جیاوازیان لەسەر دابەزینی قورئان، هەندێ دەڵێن: خوا قورئانی بە تەواوەتی بۆ لەوح ئەلمەحفوز دابەزاندووە و پاشان لەماوەی 23 یان 25ساڵ بەش بەش(منجماً) بۆ پێغەمبەری ناردۆتە سەرزەوی.هەندێکی تر دەلێن: بە 20 ساڵ ..هتد.

گێڕانەوە و تۆمارکردنی حەدیس وەک تۆمارکردنی قورئان لەدووتۆی کتابێکدا بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیووە، تا پێغەمبەر لە ژیاندا بووە، بە فەرمانی خودی خۆی تۆمارکردنی حەدیسەکانی قەدەغەبووە، بەهانەکەش ئەوبووە نەبادا فەرموودەکانی ئەو و دەقەکانی قورئان تێکەڵاوبن، ئەگەر پێغەمبەر لەو ڕۆژگارەوە فەرمانی بە کۆکردنەوەی قورئان و حەدیسەکان بدابایە، تا لە دووتۆی دوو کتاب کۆبکرێنەوە، ئەوە زۆر لە کێشە عەقیدەیی، فکری، فقەهی، مێژوویی..هتد یەکانی ئێستای ئیسلام بوونی نەدەبوو. بۆ نموونە؛ هەر لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا، ئەسحابەکانی وەک عومەری کوڕی خەتاب و عبداللەی کوری مەسعود لە سەر چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئان کەوتوونەتە گوومان لەیەکتری، بەڵام بوونی پێغەمبەر لەم ڕۆژگارە پارسەنگی دروستی و نادروستی مەسەلە شەرعیەکان بووە، قسەی ئەو دوا بڕیار و پارسەنگی ڕاستیەکان بووە، هەڵەکان بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر یەکلا دەکرایەوە.لەدوای مردنی پێغەمبەریش چۆنیەتی گێڕانەوەی دەقەکان و حەدیسەکان کۆمەڵێ گرفتی بۆ موسڵمانان لەسەر مەسەلە جیاجیاکانی وەک:خومس، زەکات، جیهاد، باج، نیکاح، دەسەڵات، ...هتد دروستکردوە.

بچوکترین هەڵە لە گێرانەوەی یان دارشتن و هۆنینەوەی هەر حەدیسێک، گەورەترین بەرەنجامی نادروستی لێدەکەوتەوە، ئەگەر سەیری رووداوەکانی ڕۆژگاری خەلیفەکانی ڕاشدین بکەین، ئەم ڕاستیەمان بۆ بەرچاوتردەبێ.لە ڕۆژگاری خولافای ڕاشدین زۆر لە ئەسحابەکان بەناوچە جیاجیاکان پەرت و بڵاوبوونەوە، ئەمەش فاکتەرێک بووە بۆ زیاتر ئالۆزبوون، گەشەکردنی جیاوازیەکان لە گێرانەوە، خوێندنەوە، تەفسیرکردن و ئیجتهادا. (حافز ئەلزەهەبی) لە (تەزکیرە ئەلفاز)دا لە ئەبوبەکری سەدیقەوە دەگێڕتەوە، کەوا لەدوای مردنی پێغەمبەر خەڵکی کۆکردۆتەوە ووتوتیەتی: ئێوە حەدیس دەگێڕنەوە لە پێغەمبەر، بەڵام لە گێرانەوەکانتان ناکۆکی بەدیدەکرێ، ئەوانەی لە دوای ئێوەدێن زیاتر لە ئێوە ناکۆکتر دەبن، باس لە حەدیبسەکانی پێغەمبەر مەکەن، ئەگەر یەکێ پرسیاری لێکردن بڵێن:لە نێوان ئێمە و ئێوە دا کتابی خوا هەیە کە تیایە حەلال و حەرام دیاریکراوە. ئەگەر ئەم قسەی ئەبوبەکر ڕاستبێ، ئەوە لەگەڵ ئەم ئایەتە دەکەوێتە دژایەتی (والسابقون الاولون من المهاجرين والانصار والذين اتبعوهم باحسان رضى الله عنهم ورضوا عنه)التوبه:100چونکە ئەم ئایەتە بوارنادات پێوەری تەجریح و تەعدیل (لێکۆلینەوە و پشکنین)لە گوتەی ئەسحابەکان بکرێ، هەر هەموویان ڕاست گۆن. ئەی ناکۆکی نێوان ئەسحابەکان لە گێڕانەوەی حەدیسەکان، مەسەلە فقەهی وعەقیدەییەکان لە چیەوە سەریان هەڵداوە؟

هەر لەدوای مردنی پێغەمبەر دەیان کێشە و جیاوازی لەسەر زۆر لە مەسائیلەکانی فقەهی لە نێوان ئەسحابەکان دروست بوو، هەر لەسەر و بەندی شاردنەوەی تەرمی ڕەسولی خوا ئەسحابەکان لە گێڕانەوە، لێکدانەوەی هەڵسوکەوت و قسەکانی پێغەمبەر کەوتنە ململانێ، ڕووداوی سەقیفەی بەنی ساعیدە، کە تیایدا ئەبوبەکر کرا بەیەکەم خەلیفەی موسڵمانان، سەرەتای دروستبوونی کێشە عەقیدەیی و فقەهیەکانە لە نێو موسڵمانان. لێکدانەوە جیاوازەکانی تایبەت بەڕووداوی ئەلغەدیر و دەقەکانی قورئانی تایبەت بە پۆستی دەسەڵاتی خەلافەت، ئەوە دەسەلمێنن ئەو بەرەنجامە خوێناویانەی لەم ڕووداوە کەوتۆتەوە، هۆکانی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کەلتوورێکی تۆمارکراو (مێژوو)ی تایبەت بە سەردەمی بەعسەت تا مردنی پێغەمبەر، هەروەها ڕێگانەدران بە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی دەقەکانی قورئان، بە پێی کات و شوێنی دابەزینەکە بە شێوەیەک پووخت و ناوەندی.

ئایە پێغەمبەر بۆ ڕێگای نەداوە بە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی دەقەکانی قورئان؟ ئایە باوەڕی بە داهاتووی ئیسلام نەبووە؟ ئایا دەقەکانی بەتەواوی لە بیر نەمابوو؟ ئایە قرائەی سەبعە کێشەی بۆ دروست دەکرد؟ یان کاتی نەبووە؟ وەک دیارە بەڕای سەرجەم زانایانی موسڵمان موعجیزەی پێغەمبەری ئیسلام زمان و دەقەکانی قورئانە، یەکەم ئایەتیش کە بۆی دابەزیووە(اقرأ باسم ربک)بووە، قرائەت پرۆسەیەکە لە دوای تۆمارکردنەوە دێ؟ لای موسڵمانان گومان لەوە ناکرێ پێغەمبەر باوەڕی بە زانست، نووسین و خوێندن هەبووە، کەلتوری عەرەبیش هانی هونەری نووسینی داوە. هەڵواسینی موعەلەقات سەبعەش بە دیواری کەعبەوە، بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان، ئەی بۆ تا پێغەمبەر خۆی لە ژیان

دابووە، ڕێگای بەکۆکردنەوە و تۆمارکردنی قورئان لە یەک کتابی دیاریکراو نەداوە؟
ئەمە لەلایەک گومانی لای زانایانی شیعە زیاتر کردووە ، کەوا بڵێن:دەقە ئەسڵەکانی قورئان لە ڕۆژگاری ئەبوبەکر، عومەر و عوسمان دەستکاری کراوە. هەر ئەم هۆکارەشە وایکردووە لە بوارەکانی فیقەهی و عەقیدەوە، کێشە لە نێوان هەر دوو مەزهەبە سەرەکیەکەی ئیسلام هەبێ، ئەم کێشەیەش ببێتە سەرچاوەیەکی ململانێی (ئەزەلی) لە نێوان موسڵمانان، هەروەها ببێتە سەرچاوەیەکیش بۆ تەشەنەکردنی ئیجتهاد، تەفسیر و تەئویلی جیاجیا. کەواتە بە گۆتەی ئەسحابەکان بێ، قورئان و پێغەمبەر هۆکاری سەرەکی شەڕ، ململانێ و پەرتەوازەیی ئیسلام بوونە، نەک هۆکاری ڕەحمەت، برایەتی سەرجەم مرۆڤایەتی بووبێ. بەگوێرەی ئەم کەلتوورە تۆمارکراوی ئیسلام بێ ئەوە سەرجەم ئەو تاوان و بووختانانەی بە قورئان دەکرێن گوناهەکەی لە ئەستۆی پێغەمبەرە، کە ڕێگای نەداوە بە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی قورئان، دواتریش لەملی ئەسحابەکان خۆیانە کە قورئان و حەدیسەکانیان بەم شێوە گێڕاوەتەوە یان تۆمار و کۆکردۆتەوە. ئەگەر وانیە با هەموو لایەکمان هەوڵ بدەن ئەم کەلتوورە تۆمارکراوە ڕاڤە و تەتڵەبکەین، تا چیتر ئەو درزە بۆ خەڵکانێک والا نەبێ کە دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە ڕەخنە لە ئیسلام بگرن، نەک لە ڕێگای توند و تیژیەوە یان فتوای بەکافرکردن و حەلالکردنی خوێنیان وەڵامی ئەم خەڵکانە بدەنەوە.

**گێڕانەوە جیاوازەکان یان لە بیرچوونەوەی حەدیسەکان:**

گێڕانەوە جیاوازەکان یان لە بیرچوونەوەی حەدیسەکان بەرەنجامی زۆر لەحوکمە شەرعیەکان گۆریووە، هەندێ لەم مەسەلانە وایکردووە ئایندەی ئیسلام ئاڵۆز و خوێناوی تر بێ، بۆنموونە:تەئویل وتەفسیرەکانی ئەسحابەکان لەسەر جێنشینی پێغەمبەر خوێناویترین و درێژترین شانۆی تراژیدی ئیسلامە یان ووشەی(البتە) و تەلاقەکەی ڕەکانە، کە تا ئێستاش دەیان خێزان بەم گۆتەیە لە یەک جیابوونەتەوە و تەڵاق دراون.
لەسەردەمی پێغەمبەر و ئەبوبەکر ووشەی(البتە) بەکاردەهات بۆیەک تەلاق، هەروەها بۆ سێ تەلاقیش، بەڵام دواتر ووشەی ئەلبەتە لەرۆژگاری عومەر تەنها بەمەبەستی تەڵاقی سێ بەسێ بەکارهێنرا. هەر لە ڕۆژگاری عومەردا ئەسحابەکان دەگێڕنەوە کەوا عومەر کاری بە ئایەتی41ی سورەتی ئەنفال(وأعلموا أنما غنمتم من شیء فأن لله خمسه وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين) و ئایەتی (ما أفاء الله من أهل القرى فلله وللرسول ولذى القربى واليتامى والمساكين )الحشر:7نەکردووە و هەر ئەمەش بۆتە هۆی دڵگرانی ئەندامانی بنەماڵەی بەنی هاشم سەبارەت بەدابەشکردنی دەستکەوتە گوازراوەکان و نەگوازراوەکان، ئەمەش هاندەرێکی تر بووە بۆ گەشەکردنی شەری(میرات – دەسەڵات)لە نێوان (ئیمام- بنەماڵەی بەنی هاشم)، هەروەها سەرجاوە ئیسلامیەکان دەگێڕنەوە، ئیمامی عومەر کاری بە ئایەتی(انما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والموءلفه قلوبهم)التوبه:60و ئایەتی(والسارق والسارقه فاقطعوا أيدهيما )المائده:38 یش نەکردووە. لە شوێنێکی تر عومەری کوڕی خەتاب کە نزکترین کەس بووە لە پێغەمبەر ئاگای لە حەدیسی تایبەت بە قەرەبوو(دیە)ی پەنجەکانی دەست نەبووە، خەریک بووە لە خۆیەوە ئیجتهادێ بکات، بەپێی گرنگی پەنجەکان تەخمینی قەرەبۆکە بکات، کەچی یەکێ لە ئەسحابەکان هاتووە بۆی ڕاستکردۆتەوە و ووتوویەتی پێغەمبەر بۆ هەر پەنجەیەک دەیەکی حوشتری داناوە، کەواتە بۆ هەر دەپەنجە حوشترێ قەرەبۆ وەردەگیرێ.
هەروەها عومەر نەیزانیووە مانای(و فاكهه وآبا )چیە. ڕاکانی عومەر و ئەبوبەکر لە سەر کۆکردنەوە و تۆمارکردنی قورئان لە یەک کتابدا، یەکیان نەدەگرتەوە.41 ئەمانە ئەگەر کاریگەری نێگەتیفی خۆیان هەبووە لەسەر ڕاڤەکردن و تەفسیرکردنی دەقەکان، بەڵگەیەکیشە بۆ ئەوەی کە ئەم سەلەفە سالحە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤ (خەلەف) یان لانە بووە، هەروەها نووسەر، مێژوونووسەکان، حەدیسزانەکان و ئەسحابەکان، ئیمامی عومەریان لە عەبقەریەت و عەدالەت داماڵیووە، ئایە ئەگەر ئەم مێژووە لەلایەن کەسێکی شارەزا تاوتۆبکرێ، بە مەبەستی گەیشتنە ڕاستیە رەهاکان بۆ دەبێ فتوای کوشتن و لەملدانی ئەم نووسەر و توێژەرەوانە بدرێ؟ ئایە ئەگەر هەتکردن و تانەدان لە ئەسحابە ، قورئان، پێغەمبەر و ئیمامەکان تاوان و کوفر بێت، ئەی ئەم ڕەفتار و قسەی ئەم ئەسحابانە، مێژوونوس و حەدیسزانانە دەبێ لەچ خانەیەکدا پۆلین بکرێن؟
خەلیفە عومەری کوڕی عبدالعزیز لە ساڵی99کۆچی فەرمانیدا بە(ئەبوبەکری کوڕی حەزم)دا حەدیسەکان تۆماربکاتن، ئەویش بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامدا کەوتە تۆمارکردنی حەدیسەکانی پێغەمبەر لە دووتۆی کتابێک، لەدوای ئەویش زۆرانی تری وەک: سوفیانی کوڕی عەتەبە ئەم کارەیان درێژەپێدا. ئیتر تۆمارکردنی حەدیس کەوتە قۆناغێکی تر، بۆیە زانایانی ئیسلام دەستیانکرد بە داڕشتنی بنەماکانی ئەو زانستەی کە زامنی ڕاست و دروستی حەدیسەکانی دەکرد، ئەم زانستەیان کردە دووبەش، زانستی حەدیس یان گێڕانەوەی حەدیس و ئەویتریشیان زانستی ناسینەوەی حەدیس بوو. بۆ ئەمەش بنەمای جەرح و تەعدیلیان داڕشت، لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانستەش، پلەکانی حەدیس، مەرجەکانی گێڕانەوە، مەرجەکانی حەدیسی دروست، باش، لاواز، مورسەل، هەڵبەستراو، پچڕاو، مەوقوف داهێنرا.
ئەم زانستە وایکردووە پانتایەکی ئازادی لای زاناکانی بواری حەدیس بۆ ڕەخنەگرتن و ناسینەوەی حەدیسە ساختە و دروستەکان، دروست ببێ، لێرەدا بەدیاردەکەوێ، کە لەم ڕۆژگارە زووەدا، ئەم هەموو جیاوازی و ناکۆکیانە لە

گێڕانەوەکاندا هەبووبێ، دەبێ ئەم خەرمانە هەڵانە لە ڕێگای گۆزە بەدەرخۆنەوە، (ئێستا) چەند بۆگەن و هەڵاوسابێ؟ بوونی زانستی ناسینەوەی حەدیس خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ بوونی هەڵە و شتی هەڵبەستراو بە زمانی ئەسحابەکان، پێغەمبەر و خوا.

(الموطأ)ی ئیمامی مالک بن ئەنەس کە زانایەکی خەڵکی شاری مەدینە بووە، لەساڵی93 کۆچی لە دایک بووە، بە پێی قسەی قازی ئەبوبەکر بن ئەلعەرەبی بێ، کە لە( شرح الترمذي) باسیدەکات، دەڵێ:" الموطأ هو الأصل الأول و اللباب.وكتاب البخارى هو الأصل الثانى فى هذا الباب، وعليهما بنى الجميع، كمسلم و الترمذي." ئەوکەسانەی کە حەدیسەکانیان پۆلینکردووە و بە گوێرەی بابەتەکان دایان ڕشتوونە، ئەمانەن: مالک، لەمەدینە، ابن جريج لە مەککە، الربيع بن صبيح، سعيد بن ابى عروبە، حماد بن سلمە لە بەسرا، سفيان الثوري لە کوفە، ئەوزاعی لە شام، هەیسەم لە واست، موعەمەر لە یەمەن، جەرير بن عبدالحميد لە ڕەی و ابن المبارك لە خوراسان. لە بارەی ئەوەی کامیان لەم زاتانەوە لەپێش کامیان بووە، ئەوە ئیبن حەجەر و ئەلعیراقی دەڵێن: هەموویان لەیەک ڕۆژگار بوونە، واتە لە دەور و بەری ساڵانی 140.

کتابەکەی مالک بن ئەنەس سەبارەت بە کۆکردنەوەی حەدیس و دروستی ناوەڕۆکەکەی لە هەموویان کۆنترە، 42 ئەمزاتە لە ڕۆژگاری شەڕی جەمەل و کوژرانی ئیمامی عەلی تەمەنی نزیکەی ساڵێک یان دوو ساڵ بووە، کتابەکەشی کە کۆنترین سەرچاوەی تۆمارکراوی پەسەندکراوە، نزیکەی دوای 130 ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی مردنی پێغەمبەر نووسراوە، مالک هاوچەرخی ڕۆژگاری زێڕینی دەسەڵاتی ئەمەویەکان بووە، کە فتوحات، کۆچکردن، کوژرانی ئەسحابە و تابیعینەکان زۆر زۆر بووە، دەسەڵاتی ئەمەویەکانی دژ بە ئیمامی عەلی، لەو پەڕی بەهێزی دابووە، لەسەر مینبەرەکان و لە ڕۆژانی جومعە بەڕەسمی جنێویان بە ئەسحابەیەکی وەک ئیمامی عەلی داوە ، کە زاوا و ئامۆزای پێغەمبەر بووە، بە منالیش بۆتە ئیسلام .لای سەرجەم زانا و ئیسلام ناسەکان، ئەم ڕۆژگارە پڕ لە کێشە و ململانێ و زۆرانبازیەی نێوان موسڵمانان، بە ڕۆژگاری زێڕین و سەرەتاییەکانی تۆمارکرانی حەدیس دادەنرێت، 43 ئایە دەبێ کاریگەری نێگەتیفی ئەم ڕۆژگارە بەسەر چۆنیەتی گێڕانەوە و تۆمارکرانی حەدیس چۆن بووبێت؟

بۆ ساغکردنەوە یان مێژوویەکی نزیک لە ڕەها و لە دەست نەدانی بەها ڕاستەقینەکان ، هەروەها بۆ ساغکردنەوەی ئەم کەلتوور و مێژووەی ئیسلام، دەقەکانی قورئان و حەدیسەکانی کە تووشی چەواشەکاری هاتوون، پێویستمان بە چەندین زانستگا و ناوەندی لێکۆلینەوەی زانستی و ئازاد هەیە ، نەک توند وتیژی و ململانێی خوێناوی. ئەم ڕاستیە وا لە موسڵمانان دەکاتن، بۆ ساغکردنەوە یان نزیک بوونەوە لە ڕاستیەکان، ڕێگا بە لێکۆلینەوەی زانستی بدرێ، ڕێگا بە ئازادی بیرورا و ویژدان بدرێ تا لە بەر ڕۆشنای عەقل و ویژدان، لە ئیسلام و پەیامی خوا بگەین. بەم ملهوڕی، پێداگرتن و هەڕەشانەی کە لە نووسەران و لێکۆلەرەوان بەناوی پاراستن و بەرز ڕاگرتنی شتە پیرۆزەکان دەکرێ، درێژە دانە بە ڕابردوویەکی پڕ لە هەڵەی خوێناوی، هەوڵێکە بۆ بزرکردنی ئێستا و کۆپی کردنی ئەم مێژووە خوێناویە لە داهاتوودا، دووبارەکردنەوەی تاوانەکانی ڕۆژگاری زووشە بەناوی ئاین و خوا. تا ئەم جیاوازیانەش بە زیندوی بمێنەوە عەرەب بەتایبەتی و موسڵمانان بەگشتی، زیاتر لاوازتر دەبن.

کۆمەڵگای کۆمەنستی بەر لە 1990، خاوەنی هەموو جۆرە چەکێکی ستراتیژی و دەیان وڵاتی بە هێز و خاوەن پەرچەم بوون، کەچی توانای ئەوەیان نەبوو بەر لە گەشەکردن، پێکەوە ژیان و شۆرشی عەولەمە بگرن، زۆر ئاقلانە گۆرباتشۆف ئەم شەڕەفەی بە خۆیدا بڵێ: "دیموکراتیەت و ڕێزگرتن لە ئیرادە و ئازادی تاکەکەس پەیامی داهاتووی ئەم چەرخەیە، نەک توند و تیژی و ململانێیە سەربازیەکان."

هەروەها ئەم ڕایەی محمد ئەرگۆن پڕ بە پێستی خۆیەتی ئەگەر لێرە سەبارەت بەم کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیانە بۆ پشتیوانی ڕایەکەمان بەکاری بهێنین کە دەڵێ:" ئەم دابڕانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیریەی لە کۆمەڵگاکانی عەرەبی و ئیسلامی هاوچەرخ بەرهەمهاتوون، هێشتا قۆناغی نەگەڕانەوە (لا عودە)ی وەک کۆمەڵگاکانی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی تێنەپەڕاندووە. ڕابردووی نزیک، هەتا هی دوور و زۆر دوورەکانیش نەک نە بوونەتە ماددەی بەشەکانی خوێندنی مێژوو و لێکۆلینەوەی زانستی، بەڵکو هێشتا زیندون و لە زمانەکان و ووتارە باوەکان(هەتا جیهانیەکان) نەشئە بەخشن، هەروەها لە ڕێ و ڕەسم و تقوسەکان، لە بۆنە گشتیەکان، لە مەدلولاتە ڕەمزیەکانی ناوماڵ، کێلگە، گۆڕینەوەی یادگاری و بەخشینەکان. تا ئێستاش چەمکی هەستکردن و پەیی پێبردن(التحسس و الأدراك)ی ئەفسوناوی، سەرباری مەعرفەی ئەفسانە، وایکردووە خەیال زاڵ بێ بەسەر ئەقل، باڵ بەسەر بەشێکی زۆری چینەکانی(مللی) دابگرێ. لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین جیاوازی و بۆشایی نێوان ئەوەی کە(مللی)ە و ئەوەی(جیهانی مەدەنیەتە) زۆر گەورە و ئاشکرا نیە، وەک ئەوەی لە کۆمەڵگا پیشەسازیەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی دوای پیشەسازین." 44

**دوا ڕۆژی توند و تیژی و پیرۆزیەت:**

محمد ئەرگۆن لە(نزعە الأنسنە فى الفكر العربى-جيل مسكويە و التوحيدى) دەڵێ: پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کەوا سێ هێزی سەرەکی هەن، مرۆڤ تا ئێستا نەیتوانیوە کۆنترۆلیان بکات، ئەم هێزانەش بەهەموو شێوەکان

چارەنووسی مرۆڤ دیاردەکەن:" توندوتیژی، پیرۆزیەت (التقدیس) و حەقیقەت ... زۆر لە ئاینەکان گرنگیان بەو هێزە لەبن نەهاتوانە داوە، هەوڵیانداوە دەستەمۆیان بکەن، یان سەرچاوەی مەترسیەکانیان لە ناوببەن، بەڵام بێ سود بووە....لەنێو ئەم سێ هێزەش، بوونی مرۆڤ یان کۆمەڵگای مرۆڤایەت هەمیشە ئامادەیە .... بۆیە ناتوانین زاراوەی ڕاستی(حەقیقەت) لە هەردوو زاراوەکانی تر جیابکەینەوە چ لەسەر ئاستی ئاینی چ لەسەر ئاستی زانستی."45

هەروەها(فراس السواح)یش بەهەمان شێوە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە:" سەربارى ئەوەی زانست و فەلسەفە جێ پێی خۆی قایم کردووە، بەڵام دەبینین لە هەموو بوارەکانی ڕۆشەنبیری جیهانی نوێدا ڕووبەڕووی بەرگریەکی توندی فکری ئاینی دەبێتەوە ... فکری ئاینی توانیوویەتی ڕاچڵەکاندنەکەی سەرکەوتنی زانست و فەلسەفە هەڵلوشێ، تائێستاش بە توندی لە هەموو شوێنێک کاریگەری بەسەر دابەشکردنی خواست و هۆشی مرۆڤدا هەیە."46

بەڵام هاشم صالح لەو باوەڕەدایە کاتێ:" سەرنجی واقیعی بابەتی دەدەین، دەبینین کە حەقیقەت دابڕاو نییە لە هەڵە، بەڵکو لە ژێر داروپەردەی هەڵەدایە، یاخود دەوری بە تۆڕێک لە هەڵە تەنراوە، هەموو لێهاتویی ئێمەش لەوەدایە چۆن بتوانین ڕوبەڕوی ئەو هەڵانە ببینەوە و پەی بەو حەقیقەتە بەرین کە لەوێدایە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو دیدگا میسالیە باوەیە کە پێی وایە حەقیقەت بە تەنها لە لایەکە و هەڵەش لەلایەکی تر."47

ئایە دەبێ ململانێی نێوان عەقل(زانست) و فەلسەفە لەگەل فکری ئاینی بەچی بگات؟ هاشم صالح دەلێ: " ئەڵبەتە ئەمەش مانای ئەوە ناگەیێنێ کە گۆڕینی واقیع مەحاڵە یان ناتوانین هیچ شتێک لە بەرامبەریدا بکەین، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین گۆڕان دوای تێگەیشتن لە بونیادی واقیع و توانستەکانی دێتەدی ... ئەوانەی گۆڕانکاری ڕاستەقینە دروستدەکەن ئەوانەن کە دەزانن چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکەن و هەوڵی ئەوە نادەن نە واقیع ڕەتبکەنەوە نە بازی بەسەردا بدەن و فەرامۆشی بکەن ... ئامانجی زانست وەدەرنانی هەڵەیە و جێ لەقکردنە بە نەزانی." 48

ئەم ڕایەش لەلایەن عەبدۆ فیلالی ئەنصاری پشت ڕاست دەکرێتەوە ، دەلێ:" ڕاستە ئەو گوتارانەی کە ئیمرۆ موسلمانان لە کەلتووری ئاینی و مێژوویەکەیان بەرهەمیان هێناوە زۆر قورس و ڕەنگاوڕەنگن، بەڵام دەتوانرێ لەو گووتارانەدا هەندێ نموونە و ڕەهەندی جیاواز دەستنیشان بکەین، لە یەکەمین ساتەوەختدا هەندێ لەو گوتارە زانستیە نوێخوازنانەن کە لێکۆلینەوەی ورد لە ناسینی واقیعیەتی(دیار)دا دەکەن، سەرنجیش بۆ لای خۆیان ڕدەکێشن." 49

ئەمەش بەو مانایەدێ، کەوا ناسینی واقیع بە شێوەیەکی زانستی هەنگاوی سەرەکیە بۆ سەرنج ڕاکێشان و وردبووە، جێ لەقکردنیشە بە نەزانی، ڕەتکردنەوەی بەرامبەرە ڕەق و توندوتیژ ئامێزەکەشە، دروستکردنی ژینگەیەکی لە باریشە بۆ ئەوەی بە هێمنی لە حەقیقەت وردبینەوە، هەنگاوێکیشە بۆ جێ چۆلکردن بۆ هەناسەدانی گشتی بێ سانسۆر و پاوانکاری، ئەم ڕاستیانە وامان لێدەکەن بلێین:" ئەو هەولەی کە ئایین بۆ بە پیرۆزکردنی ئامانجەکەی دەیدا، ئەوەیە کە ئەو ئامانجە لەماوەی ئەو تەمەنە کورتەی مرۆڤ هەیەتی نایەتە دی، " 50

بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە یان بیر و باوەڕانە بێنەدی یان ببنە ڕاپەڕینێکی جیهانی گشتگیر تا بتوانرێ ئەم زاتانەی هەڵگر یان بانگهێشتکەری ئەم بۆچوونەن، هاوکات خۆیان و بیر وباوەڕەکەیان بەنەمری، بۆ نەوەکانی داهاتوو بمێننەوە، دینامیکیەتێکیش بدەن بە خۆیان و ئایدیایەکەیان لە داهاتوو. ئەم جۆرە پاوانکاریە وایکردووە کەوا مرۆڤ بۆ گەیشتنە مەرامەکانی هەوڵبدات ئامرازەکانی ململانێ بە هالەیەکی موقەدەس بارگاوی بکات، تا کار ئاسانی بۆ بکات بۆ/لە گەیشتنە مەرامەکانیان. هەر ئەم تەقدیسەشە وایکردووە چەندین خەتی سوور بۆ مرۆڤ دابنرێ تا هەمیشە لە نێو کایەی ئەم بۆچوون و بیروباوەڕەدا بمێننەوە یان لە قالب بدرێنەوە، ئەمەش وایکردووە لە پێناو (نەمرکردن)، سزای مرۆڤە (سەرکەشەکان) دابهێنرێ، لێرەوەیە ڕایەڵی ئەم پەیوەندیە بەردەوامەی نێوان توندوتیژی و پیرۆزیەت (التقدیس) بە زیندوی دەمێننەوە، دووپات بوونەوەی ئەم واقیعە وادەکات ببێتە حەقیقەتێکی ڕەها لای لایەنێکی هاوکێشەکە.

---

**سەرچاوەکان:**


1- د. ناصر حامد أبو زيد - التفكير فى زمن التكفير – ضد الجهل و الزيف و الخرافه/ سينا للنشر/ طبعة الأولى، القاهره1995 ێ196.

تحقيق فرهاد دفترى/ المناهج و الأعراف العقلانيه فى الأسلام./ ترجمه ناصح ميرزا- دار الساقى بالأشتراک مع معهد الدرسات الأسماعليه/ چاپی یەکەم2004- بيروت..ل45.

2- تحقيق فرهاد دفترى/ المناهج و الأعراف العقلانيه فى الأسلام....ل22-23.

3- معروف الرصافي/ كتاب الشخصيه المحمدية ژو حل اللغز المقدس / منشورات الجمل / چاپی یەکەم _هارفۆرد ئەڵمانیا-2002..ل 627.

4- الموضوع: أدوار علوم الحديث.www.islampedia.com/

5-

6- صحيح البخارى- طبعه جديده مصححه و ملونه / دار احياء التراث العربى بيروت/ط 1 -2001-ص661 حديث 3719.

7- البخارى:ج1 / 200 بهامش فتح البارى و ابو داوود:ج4/63 نقلاً عن www.hshiaweb.org

8- الزمخشرى / تفسير الكشاف / دار المعرفه-بيروت-ط1/2002/ اعتنى به وخرج احاديثه و علق عليه خليل مأمون شيحا

9- دراسات في تاريخ الحضاره الاسلاميه العربيه من تاليف الكتاب: سعد عبدالفتاح و سعد زغلول عبدالحميد و احمد مختار العبادي/ منشورات ذات السلاسل الكويت، ط2/ 1986، ص47.
10- صحيح البخاري-طبعه جديده مصححه و ملونه..ص5-25.
11- الموضوع: ادوار علوم الحديثwww.islampedia.com/
12- معروف الرصافي/ كتاب الشخصيه المحمديه أو حل اللغز المقدس/ص240.زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانی ئیسلام بە درێژی باس لەو بابەتە دەکەن.
13- هادي العلوي:أعمال الكامله(1)خلاصات في السياسه و الفكر السياسي في الاسلام/ دار المدى لثقافه و النشر-سوريا- ط 2/ 1999 وط 3 /2001، ص58-59، ص137.وهذه هي راى عثمان حول تناول السلطه: ان السلطه هبه من الله تتجسد في شخص الحاكم فلا تجوز منازعته(لا اخلع ثوباً البسنيه الله.)
14- محمد الخاتمي/ الدين و الفكر في شراك الأستبداد جوله في الفكر السياسي للمسلمين- دار الفكر المعاصر – بيروت – دار الفكر دمشق/ ط2001/1/ ص29-36.
151- الموسوعهالاسلاميه/ تفسير سوره أنفال /www.islampedia.com / تفسير الكشاف ص419-420.
16- هادي العلوي:أعمال الكامله .ص58-58 ، ص79.
17- الزمخشري / تفسير الكشاف / ص13-22.
18- د.محمد عابد الجابري- نحن والتراث- المركز الثقافي العربي/ ط 6-1993/ص8 أو جعفر عبدالرزاق - الدستور و البرلمان في الفكر السياسي الشيعي - دار الهادي-200 1/ص5-6.
19- جعفر عبدالرزاق- الدستور و االبرلمان في الفكر السياسي الشيعي1905-1920/دار الهادي/ ط2001/1.ص 5-6.
20- قال زيد بن الثابت: كيف نفعل شيئاً لم يفعله رسو الله؟الأتقان ج 1-ص 76.صحيح البخاري باب جمع القرآن ص 922 ، حديث4986-4988.و ايضاً الزمخشري/ تفسير الكشاف.ص20.
21- مالك لە ساڵی 93 لە دایک بووە .ئەبووبەکری کوڕی عەزم لە ساڵی 99 بە فەرمانی عومەری کوڕی عبدالعزیز دەستەکات بە تۆمارکرانی حەدیسەکان، سەیری ئەو هەموو پیاهەڵدانانە بکە کە لەلایەن خەلکەوە بۆ الموطأ کراوە. د.محمد کامل حسين وەک باسێکی مێژووی لە ساڵی 1951، ئەم باسەی نووسیوە و لەم کتابە و لەم چاپەیان کراوە بە پێشەکی کتابی : الموطأ ، لأمام الأئمه وعالم المدينه مالك بن أنس / صححه ورقمه وخرج احاديثه وعلق عليه محمد فواد عبالباقي الجزء الاول ص /سنه1406ه/1985 م دار احياء الترات العربي لبنان-بيروت/
22- سنن الترمذي – باب القرآت عن رسول الله. حديث صحيحwww.alhadith-alsahih.com.
23- صحيح البخاري – ص921 ، حديث 4984.
24- صحيح البخاري – ص929 ، حديث 5037.
25- راجع :فتح الباري23/9، تفسير الطبري 13/1، مسند احمد 150/1، مجمع الزوائد 153/7-154، نقلا عن www.islameyat.com ص20.
26- المغازي للواقدي/ص855 ، نقلاً عن.www.islameyat.com
27- الموطأ لأمام الأئمه وعالم المدينه مالك بن أنس / المقدمه
28- صحيح البخاري – ص 923 ، حديث 4992.
29- صحيح البخاري – ص922 ، حديث 4987 أو دراسات في تاريخ الحضاره الاسلاميه العربيه- من تاليف الكتاب:سعد عبدالفتاح و سعد زغلول عبدالحميد و احمد مختار العبادي) منشورات ذات السلاسل الكويت، ط2/ 1986، ص 30.
30- صحيح البخاري – ص924 ، حديث 4999.
31- الطبري 38/1، نقلاً عن.www.islameyat.com
32- سنن ابن الماجه –نقلاً عن wwwwww.islameyat.com / hadith.al-islam.com. / ،
33- صحيح البخاري – ص1207 ، حديث 6829.
34- الزمخشري / تفسير الكشاف / دار المعرفه...ص846، تفسير سوره الاحزاب مدنيه.
صحيح البخاري بحاشيه السندي باب الفضئل القرآن ج3/ ص237 یان المستدرک ص223-224.
35- د. محمد عابد الجابري نحن والتراث- المركز الثقافي العربي/ ط 6-1993/ ص-8 أو جعفر عبدالرزاق -الدستور و البرلمان في الفكر السياسي الشيعي - دار الهادي-200 1/ ص:5-6.
36- الدر المنثور 303/1 نقلاً عن.www.islameyat.com
37- جلال الدين السيوطي/ تاريخ الخلفاء/ بتحقيق محمد محى الدين عبدالحميد، منشورات الشريف الرضي/ مطبعه أمير- قم/ ط 1370/1هجري./ ص192 أ و محمد الخاتمي/ الدين و الفكر في شراك الأستبداد.ص29.
38- -دراسات في تاريخ الحضاره الاسلاميه العربيه/ ص29، الزمخشري /تفسير الكشاف / دار المعرفه... ص846، تفسير سوره الاحزاب مدنيه.
39- الموسوعه الاسلاميه/ تفسير سوره انفال /www.islampedia.com/الزمخشري / تفسير الكشاف ص419-420.
40- بۆ ئەم بابەتە سود لە www.arabic.islamicweb.com : وەرگیراوە.
41- دراسات في تاريخ الحضاره الاسلاميه العربيه.ص38، الزمخشري/تفسير الكشاف/
42- هەمان سەرچاوەی ژمارە 21.
43- هادي العلوي:اعمال الكامله .ص130-133.تێبینی ئەوە بکە چۆن زاناکان هەوڵیانداوە جەماوەر بۆ خاتری خەلیفە لە ڕێگای حەدیسەوە دەستەمۆ بکەن.
44- د.محمد ارگون – الفكر الأسلامي نقد و اجتهاد / ترجمه و تعليق: هاشم صالح/ دار الساقي- بيروت -1998/ ط 2/ ص21.
45- محمد ارگون-ن زعه الانسنه في الفكر العربي- جيل مسكويه و التوحيدي/ ترجمه هاشم صالح/ لە چاپکراوەکانی دار الساقي-چاپی یەکەم1997 بیروت.ل33.
46- فراس السواح- دين الانسان- بحث في ماهيه الدين و منشأ الدافع الديني. منشورات دار علاءالدين-چاپی یەکەم 1994 دیمەشق.
47- هاشم صالح – فەلسەفە .ڕۆشنەگەری.فێندەمێنتالیزم/ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ کتابی ژمارە211 –سلێمانی2003 / وەرگێڕانی شوان ئەحمەد/ ل142-

.143

48- هاشم صالح – فەلسەفە.رۆشەنگەری....ل144-145.

49- ع . فیلالی أنصاري- اسلام و لاییسیته – وەرگێڕانی لە فەڕەنسیەوە بۆ فارسی ئەمیر رەزایی – لەلایەن دامەزراوی قصیده – لە چاپخانەی سحاب چاپکراوە، چاپی یەکەمی 1380 ه- ش/ تەهران..ل114.

50- معروف الرصافی/ کتاب الشخصیه المحمدیه أو حل اللغز المقدس/ ص428.